مەرگ وشوناسی نەمریبوون … سەدیق سەعید وەندزی

هانانەك بۆ كتێبی دڵشاد مەریوانی نوێكاری چیرۆكی كوردی

زۆرن ئەو مرۆڤانەی،كەلە دوای مەرگیان نەمر دەبن وشوناسی مانەوە و نەمری وەردەگرن.ئەم جۆرە مرۆڤانە، لە بری ئەوەی مانەوەیان لە ژیان نەمریان بكات،ئەوا چیرۆكی مەرگ و مردنیان دەبێتە شوناسێك بۆ هەمیشە مانەوەیان بە زیندوویی لە یادەوەری ئەمەدا.ئەمە بەو مانایە نییە، هەموو مردنێك وەستگەیەك بێت بۆ نەمریبوون، چونكە كەم نین ئەوانەی لە ژیان و دوای ژیانیش، لە پەراوێزی مێژوودان.بەڵكو نەمریبوون بەو مانایەی ژیانی ئەوان لە مەرگییانەوە دەست پێ دەكات.ئیدی ئەوان بە ڕوح، بە مێژوو، بە داهێنانەكانییان هەمیشە لە نێو ئەمەدان، با بە جەستەش ونبن.یەكێكیش لەو مرۆڤە نەمرانە، نووسەری شەهید(دڵشاد مەریوانی)یە.

بەگومان ئەم ناوە، ناوێكی دیارو ئاشنایە لە نێوەندی ئەدەبی كوردی ولای هەموومان. نووسەرێك كە ژیان و نووسینەكانی، یاخیبوون بوون لە دژی دەسەڵات و گەلان بە دوای سەربەستی و ئازادی. مرۆڤێك، تینووی ئازادی وسەربەخۆیی، هەربۆیەشە دواجار بەدەستی فاشییە بەعسییەكانەوە، لە سێدارە دەدرێت. چیرۆكی ژیانی ئەم نەمرە، لێرەوە دەست پێ دەكات.كتێبی(دڵشاد مەریوانی نوێكاری چیرۆكی كوردی) هەوڵێكی دیكەیە، لە پێناو ناساندنی ئەزموونی ئەم نووسەرە شەهیدە، كە نووسەرێكی فرە بەهرە بووەوە لە چەندین ژانری ئەدەبییەوە، دەقی نووسیوە. ئەم كتێبە، لە چەند باسێكی سەربەخۆ پێكهاتووە. لە باسی یەكەمدا، نووسەری كتێبەكە دیدو هەڵسەنگاندنی نووسەرانی كوردی لە بارەی ئەزموونی نووسینی مەریوانییەوە خستەتە ڕوو. كە هەموویان باس لەوە دەكەن كە مەریوانی، نووسەرێكی فرە بەهرە بووەوە لەیەك كاتدا، شیعرو چیرۆك و ڕۆمان و شانۆنامە و لێكۆڵینەوەی ئەدەبیشی نووسیوە. بە تایبەتیش تێڕوانینی خۆی لە بارەی چیرۆكی كوردییەوە خستەتە ڕوو لە ڕووی مێژوویییەوە. باسی دووەم، لێكۆڵینەوەیەكە لە بارەی هەگەزی ناونیشان لە چیرۆكەكانی مەریوانیدا. كە لە یەك كاتدا، ناونیشانی چیرۆكەكانی جۆراوجۆرن و هەندێكییان نوێن و هەندێكیشیان ئاسایی و كۆن. وەلێ ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، كە مەریوانی هەموو جۆرەكانی ناونیشانی كردەتە

تایتلی دەقەکانی.ئەو لەیەك کاتدا ناونیشانی(پیشەیگیانەوەرانئامێردرەختناوکاتشوێن)ی کردۆتە ناونیشانی چیرۆکەکانی. ئەمەش دەلالەتە لەوەی کە ناونیشان، وەك دەسپێك و یەکەم ئەڤقەی بە یەکەوە گرێدانی خوێنەر بە دەقەوە، بایەخێکی زۆری لای ئەو هەبووە.بۆ هەریەك لەو ناونیشانانەش، نووسەری کتێبەکە، نموونەیەکی ئاڤەکراوی هێناوەتەوە. ئەم هەمە جۆریە لە ناونیشان، ئاماژەیەکە بۆ دنیابینی فراوانی مەریوانی لە بواری نووسینی چیرۆکدا. کە مەبەستی بووە، هەموو بابەتێك لە چیرۆکدا بەرجەستە بکات. لە باسێکی دیکەی کتێبەکەدا، نووسەر ئاماژە بە سیماکانی نوێخوازی چیرۆك لای ئەو نووسەرە شەهیدە دەکات و بۆای وایە،کە چیرۆکنووس لە میانەی ئەو تەکنیکانەی لە چیرۆکەکانیدا بەکاری هێناون،توانیویەتی چیرۆکی کوردی لە فۆرمی مۆپاسانی دەربهێنێت. لەم ڕوانگەیەشەوە گرنگی زۆری بە کورتبڕی و چڕکردنەوەی وێنە و زمان، ڕەمزو زمانی ناڕاستە وخۆ،کۆتایی کراوە داوە. کە ئەم سیما هونەرییانە،بەشێکن لە هونەری چیرۆکی نوێی کوردی. وەڕای ئەمەش مەریوانی، دووجۆر لە تەکنیکی دیکەی لە چیرۆکەکانیدا خستۆتە کە ڕوو کە پێشتر نەبوونە، ئەوانیش تێکهەڵکێشکردنی شیعرو چیرۆك بەیەکەوە، هاوکات تەکنیکی دانانی بڕشایی، کە هزری خوێنەر لە بەردەم پرسیارو ڕامان ڕادەگرێت.
مەریوانی مەبەستی بووە چیرۆکەکانی پرسیار لای خوێنەر دروست بکەن وبچێتە نێو دنیابینی شاراوەی چیرۆکەکانەوە. بەشێکی دیکەی ئەو کتێبە، کە بەبۆای من وەك خوێنەرێك گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش بڕاوکردنەوەی سێزدە چیرۆکی ئەو نووسەرەیە کە لە کۆبەرهەمی چیرۆکەکانیدا نین. بەمەش دەکرێ بڵێین ئەوەی پێشتر کۆکراونەتەوە لە چیرۆکەکانی، ناتوانرێت ناوی کۆچیرۆکی لێ بنرێت. چونکە ناکرێت کۆ بەرهەم بێت و بەڵام چەندین بەرهەمی دیکەی تێدا نەبێت. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، ئەم سێزدە چیرۆکە، لە چیرۆکەکە هەرە جوان و پڕماناکانی دڵشاد مەریوانین، کەناکرێت لە کۆچیرۆکەکانیدا نەبن. ئەم چیرۆکانە، دنیابینییەك کۆیان دەکاتە کە ئەویش مرۆڤدۆستی و هاتنەوە بەگژ جیاوازی چینایەتی و کارکردنە لە پێناو دنیایەکی یەکساندا. کە مرۆڤەکان هەموویان وەك یەك هاوماف و هاوژیان و هاو سەربەستی بن.
خوێنەر کاتێ ئەو چیرۆکانە دەخوێنێتەوە، کە زۆرینەیان لە دوای شکستی شەشی کورد لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو نووسراون، دەگاتە ئەو بۆایەی کە ئەم نووسەرە شەهیدە، هەر لە سەرەتاوە بۆای بە مردن و لە سێدارەدان لە پێناو وشەی ئازاد و مرۆڤی ئازاد و نەتەوەی ئازاد هەبووە. چونکە لە ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکانەدا، زۆر بە

ڕاشکاوی، بەگژ ئەقڵی فاشییانەی بەعس و ئەوستەمە سیاسییە دادڕتەوە،کە لە مرۆڤ دەکرێت. مەریوانی، چونکە هەگری بیرکی سۆسیالیزمی بووە، ئیدی مرۆڤ دەکاتە چەقی چیڕکەکان و لە خەم و ئازارەکانی دەدوێت. لە چیڕکی ژانی ژیانمدا،کارەکتەری چیڕکەکە لە شۆەی شووشە عەترێك خۆی دەردەخات. هەموو ژنێك قوتابییەکی تەمەن هەڤدە ساڵی هەژار دێت و بەدیار جامخانەکەوە دەوانێتە (پاترا)، وەلێ پارەی نێو گیرفانی، بەشی ئەوە ناکات عەترەکە بکڕێت.عەترەکەش نایەوێت کەسانێك بیکڕن کە زەنگینن.ئەمەش وەك هەمایەك بێ نەبوونی دادپەروەری لە نێوان مرۆڤەکاندا، کە مەریوانی هەخنەی دەکات.

لە چیڕکی گرەوەی ئینجانە دەڵێت:(نانەواکانی هەموولایەك یەك بگرن،با تەنووڕەکان دابەش بکەین). بۆگومان هەموومان دەزانین کە نانەواچییەکان، لە چ چینێکی کۆمەڵگەن، هاوکات، تەنوور کە ئامرازی دروست کردنی نانە، کاتێ دابەش دەکرێت، بە مانای ئەوە دێت هەمووان وەك یەك دەبین و یەکسان دەبین. نانەواکان یەکگرن،دروست ئەو دروشمەیە کە دەڵێت_(کرێکارانی جیهان یەکگرن!).لە چیڕکی ڤاڵیەمدا، چیڕکنووس لە چاوەڕوانی هاتنی فریادرەسێکدایە، کە کارگەی نارنجکەکان بکات بە کارگەی بووکە شووشە، ئەمەش وەك هەمایەکە بێ نەمانی شەو ئاشووب لە ژیانی مرۆڤدا.لە چیڕکی چونکەکانیشدا، مەریوانی زۆر بەڕاشکاویی، بە زمانێکی هەمزئامێز، هەخنە لە ژنم و کارەکتەرەکانی دەگرێت. جارێکی دیکە بە گژ ئەقڵی جیاوازیی چینایەتی و پلەبەندی مرۆڤدا دێتەوە، لە ژێر ناوی شوناسی کۆمەڵایەتی و پیشەیی.
کاتێ داوا لە مامۆستایان دەکرێت، کە هەمای زانست و فێربوونن، ژنزی پێشەوە بێ پیاوە گەورەکان چڕبکەن. لێرەوەش نووسەر هەخنە لەو ئەقڵە دواکەوتووە دەگرێت، کە پێی وایە شتێك هەیە بە ناوی مرۆڤی گەورە و مرۆڤی بچووك.پێگەی مامۆستاو پەروەردە، لای دەسەاتێك نیشان دەدات، کە بۆای بە مرۆڤی گەورە و مرۆڤی بچووك هەیە.کە ژنزی زانست و خوێندەواری لا نییە. بەکو تەنها،ئەوانەی بەلاوە گرنگن، کەلە خزمەت ئایدیا فاشییەکەی دایە. لە چیڕکی هەوێستی جوتیارێکیشدا، باس لەو هەوێستە مرۆڤدۆستییە دەکات،کاتێ جوتیارەکە دەینوێنێت. شوفێرێك کۆی جوتیارەکە دەشڵێت و دەیکوژێت، کەچی باوکی منداڵەکە، لە هەوێستێکی جوان و مرۆڤدۆستانەدا، شوفێرەکە دەبەخشێت و هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر نابێت.لێرەوەش چیڕکنووس ئەو پەیامە دەگەیەنێت، کە دەبێ لێبووردە و بەخشندە بین. هەرگیز بیرلە تۆڵە سەندنەوە نەکەینەوە، چونکە

دواجار هەموومان هەر مرۆڤین. ناکرێت وەهامی خوێن بە خوێن بدەینەوە.
بەگشتی فەزای ئەو سیانزە چیڕۆکە،فەزایەکە کە تیایدا مرۆڤ چەقی باسەکانە.چیڕۆکەکان هەندێکی مرۆڤدۆستییان هەیە، کە باس لە جیاوازی چینایەتی وپێگەی مرۆڤ دەکەن. هەخنە لەو ئەقڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییە دەگرێت، کە بۆوای بە پلە بەندی مرۆڤ و جیاوازی چینایەتی هەیە. دژی ئەو تێوانینە دەوستێتەوە، کە مرۆڤ لەسەر بنەمای هاووڵاتی پلە یەك و پلە دوو دەبینێت. لەو چیڕۆکانەدا، هەخنە لەو دەسەڵاتە دەگرێت، کە ئازادی وسەربەستی،ژیانێکی شکۆمەندانە و مرۆڤانە بە مرۆڤ هەوا نابینێت. هەخنەگرتنێك کە دواجار لە پێناویدا ژیانی خێی کردە قوربانی و تەرمەکەشی نەدۆزرایەوە. بەمەش ئەو مرۆڤە کەهەگەتە، بە جەستە ونبوو، وەلێ بە ڕوح ، بە مێژوو، بە نووسینەکانی هەمیشە لە نێومانداید.لە کۆتاییدا دەست خۆشانە لە نووسەری کتێبەکە برای چیڕۆکنووس و لێکۆڵەر(سابیر هەشید) دەکەم. ئەم نووسەرە، چەند ساڵەکە وەك سەربازێکی ون، شانی داوەتە بەر کۆکردنەوە و نووسینەوە و بە ئەرشیفکردنی مێژووی چیڕۆکی کوردی. کارێك کە لە ڕاستیدا ئەرکی دەزگاو ناوەندێکی ئەکادیمی و توێژینەوەییە، وەلێ لە غیابی ئەواندا، بۆگومان دەبێ کەسانی وەك ئەو بیکەن. کە دواجار کارەکەیان و خۆشیان ناویان دەچێتە مێژوو، ئەمەش گەورەترین شانازییە بۆ خۆیان و ئەدەبەکەشیان…

*پەراوێز: ناوی کتێب،دۆشاد مەریوانی نوکاری چیڕۆکی کوردی،نووسینی:سابیر هەشید،پێژەی کتێبخانەی چیڕۆکی کوردی_زنجیرە 4،ساڵی چاپ 2019….

*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی(ڕۆگای کوردستان)ژمارە(1210)ی ڕۆژی 3/3/2020بڵاوکراوەتەوە…

جیاوازبوون: فۆرمێك لە

بیرکردنەوە … سەباح ھەنجدەر

لە داھێنانداپێویستە شکێی جیهانێك بناسین و خۆشمانبوێ، جیهانی جیاوازییەکان. جیاوازییەکان بەشێوەیەکی کردەیی گوزارشت لە هەقیقەتی جیهان و ڕێکخستنی ئەزموونەکان دەکەن. ئەستێرەی چلپەی خۆداشتنن. خوڵقاندنی جیهانی جیاوازییەکان، جیهانێکی تەواو هەسەن و هونەری ژیانێکی بگەردە، تەنیا شتێك هەهەشە لە داھێنان دەکات، نەبینینی جیاوازییەکانە، نەبینینی هونەری ژیانێکی بگەرد و پەی پێنەبردنە.

بینین و دانپێدانانی جیاوازییەکان لە هەزی ڕووبی داھێنان و پێکهاتەی ڕووداوەوە سەرچاوە دەگرێت و پەرە دەستێنێ، دەبێتە بابەتی دەربڕاو و بابەتی دەربڕ، بەئاستی داھێنەرانەی خێدا دەڤات و ڕێگەو دەکاتەوە. گۆران و وەرچەرخان و واقیع و خەیاڵ و دەنگ و زرینگانەوە و سەرمەشقییەکان، لەدایکبوونی جیاوازییەکان و تەواوکەری ژیانێکی بگەردن، واتاکانی نوێبەخشی دیاریدەکەن و پەی پێدەبەن، بەڕام زمانی هاوبەشی هەموومان نییە.

نالی و گۆران، هەگرییەکی تایبەتیم بۆیان هەیە، جادووگەر و خۆداڕۆژن لە زمان و وێناکردندا. دوو شاعیری گەورە و جیاوازی زمانی کوردین. ئەو زمانەی داھێنەری زۆری پەروەردە کردوون و خستوونیەتە سەر سەکۆ و پێشانی داون، شەرمێکی ترسناکم بەرانبەریان هەیە، نموونەی داھێنانیان دامەزراندووەڕ، لەناو خوێندەوارانی کۆمەڵگای کوردیدا لەشوێنی شیاوی خۆیان داندراون، خاوەن تاج و تەختن.

نموونەیەك نوێنەری گشت نییە. لە هەمانکاتیشدا سنووردار ناکرێت: نالی شیعری: (مەستوورە)ی لە ئەنجامی ناکێکی نێوان میرنشینی بابان و میرنشینی ئەردەڵان. لەژێر کارتێکەر و ڕاسپاردەی سەرلەشکر و فەرمانڕەواکانی بابان وەك دەربارێك فریوی خواردووە، بۆ لەکەدارکردنی سەرلەشکر و فەرمانڕەواکانی ئەردەلان نووسیوە، دەرباربوون ڕێگایەکی تایبەتی دەربڕینە، تیرت لە کەوان پێ دەترازێنێت و بەشێوەی جۆراوجۆر فریوت دەدا، وەك دەق، دەقێکی تابۆی ئێستێتیکی و پێ هونەری جۆراوجۆرە و خەیاڵی خوێنەر دەگەیەنێتە ئاستی باڵا، فۆرمی گۆشەنیگای هەیە. مەستوورەی لەخەونێك، دەیەوێ قەدەغەکراوەی لێ لەدایك ببێت. وەرگرتووە، خەونی هونەری شیعرییەت، کاری لەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکان و دیوی نهێنی زمان کردووە، وریایی نیشان داوەڕ. هیچ بوارێکیش بۆ ئەگەر و

گومان نەماوەتەوە وەك مەبەست و مەرام ئاراستەکراوە، خۆسکی چۆڕ و چەشەی کەسایەتی خۆی تێدا نییە، دەسەڵاتی ئاراستەکەریش پشتیوانی و هەلی بۆ هەخساندووە.
ئەم پرسیارەی لەم پرس و هۆکار و بەرهەکارەوە دەبێت بکرێ. خۆ حەبیبە تاکە دڵبەری بۆگەرد و پاراوی شاعیر بووە، ئەگەر مەرام و مەبەست و تاکتیکێکی سیاسی نەبووبێت، بۆ ئەم ئەزموونە بۆگەرد و پاراوەی لەگەڵ ئەمدا تاقی نەکردووەتەوە، ئەمە پرسیارێکی ناڕوون و لۆژیک نییە.
مرۆڤکی داهێنەر و پڕ زانیاری، بە زانیاری هاوچەرخی وەك گۆران، بە وردی بیری نەکردووەتەوە و گەوهەری بابەتی نەناسیوە، کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیا و پڕوەری گەردوونبووونی شیعری بۆگەرد و پاراوی تا ئاستێك لە چەند شیعرێکیدا، بەتایبەتی لە شیعری: (ڕۆگای لەنین)، یان شیعری: (مۆسکۆی ئەیار) لە دەست ترازاوە، یان لێی گۆڕاوە. خاوەن بنەما پڕویستە لە هەموو کاتێکدا پابەندی بنەماکانی خۆی بێت و لێی فڕبێتەوە، زاڵبوونی تێوانینی ئایدیۆلۆژیا بە شیعری بۆگەرد، دڕزەخێکی زیندووە، لەقووڵایی بێیار و هەبژاردندا دەیهاڕێ.
داهێنەر، کە هەموو هەستەکانی لە دەقێکدا کۆدەکاتەوە و دایدەهێنێت و لێی دەبڕێتەوە. دەبێتە نموونەی دەربڕینێکی ناوازە، هیچ شتێك ناتوانێت ئازادی ئازار بدات، چونکە هەستی بە ئەزموونی خۆی کردووە، خۆنەریش بانگەوکات هەست بە ئەزموونی خۆی بکات و نموونەی دەربڕینێکی ناوازە ببینێت، کە ڕوەك تەواوکەری بوون مامەڵی لەگەڵدا کراوە، لەو مامەڵەکردنەدا ئازادی دەچێتە ناو خەیاڵەوە. دیوی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان سروشتێکی ئەفسانەیی و حاڵەتێکی شیعرییان هەیە. دەگونجێت لەگەڵ باری ئاڕاستەی جیهان لەبەر یەکدا ڕابگیرێن و پێوانەیان بۆ بکرێ، بە پەلەپەل و گیانێکی تووڕەییەوە نەنووسرێن، بە سروشتی خۆی شێوە وەردەگرێ و لەکۆی پێکهاتەکانییەوە کامڵ دەبێت و دەبێتە ئەزموونی کەسی.
هەمیشە لێکڕەران هاوما و ناسنامە و مارك و ئەزموونی تاکەکەسی داهێنەر لەناو شتە گوتراوەکاندا دەدۆزنەوە و پشکنینی شارەزایی و دانایی لە مانای کراوەدا بۆ دەکەن، دەیخەنە بەردەم هەبژاردنی زمانی کلتوور و ساتی داهێنان. داهێنەر بەهای خۆی دەناسێت و بە تێگەیشتنەوە دەخوێنێتەوە و قووڵ دەبێتەوە، ڕایەڵ و تانپۆی تاوتوێکان ورد دەچنێت، خۆدروستکردنێکی ڕاستەقینە دەکاتە بنەمای وردبوونەوە. لە یەکێتی بۆچوون و ئومێدی فریودەر و وێرانکردنی ژیان و بەلاڕێداچوونیش دوورەکەوتەوە، لەکارتێکردن لە خوێنەر و هۆکاری کارتێکردن لە خوێنەریش نزیکدەبێتەوە.

شیعر هەرچەندە خودیی و فەنتازیش بێت، بەڵام دەبێ لە گەوهەر و ناوکیدا پەیوەندییەك لەگەڵ خوێنەر دروستبکات. خوێنەریش قەت ناتوانێ بە تەواوی دار و پەردووی داهێنانەکەی بەرجەستە بکات. وێنەیەك ئەگەر خەیاڵییش بێت، کە بووە نووسین و نووسرا، دەبێتە هەقیقەت و واقیع تێدا دەگ، خوێنەر دەخاتە باوەشی ئێستێتیکایەکی نەبینراو و پەروەردەکردنی زەینییەوە. تکی بەرفراوانی پەیوەندییە زەینییەکان دێتە ئاراوە و نیشانە زەینییەکان دەناسێنێت.
لەم باروبوارەدا شیعر واقیع دروستدەکات. کاتەکان تێدا تێکەڵ دەبن و ێتمکی کاتی وەك ئامادەییەکی ئێستێتیکی دەردەکەوێت و دەبێتە ێتمکی کراوەی پەیوەندی دامەزراندن، وزی پەیوەندی و کرداریش لەخۆی وەردەگرێت. خەیاڵ بانگی شاعیر دەکات بینووسێت و ووبەووی هەقیقەتی بکاتەوە، پڕ بنێتە دنیای بوونەوە و بەرشتەکان بکەوێت و شتەکان ناوبنێت.
من هاووڵاتیم، شاعیریشم. وشیاری ئێستێتیکی دروستدەکەم. لەگەڵ وڵاتەکەمم و دژی دوژمنەکانی دەوەستمەوە و دەجەنگم. ووگەنمای ئێستێتیکی دەدرەوشێنمەوە، بەڵام لە ناخکی باوەبەخبوو و کاریگەرییەکی ێستەقینەدا بە بچووکترین هەڵەی دەسەڵات ناێم بەێ، بە ێوونی لە بنەڕەتی هەڵە دەدەم. لە بنیادنانی نوێبەخشیدا، پێشەوی بەێوەبردن و دامەزراندن دەکەم و مژوو دەخەمەگەر. بە تەواوی کارامەییەوە، باوەڕم بە پاکی و بڵایەنی شاعیر هەیە. بەو باوەڕەی خودا بە نێردراو و پەیامبەرانی تەورات و ئینجیل و قورئانی بەخشیوە، ێنوێنی کردوون بۆ بەێوەبردن و دامەزراندن. لەوانەش دوورکەوتوومەتەوە، کە کەمەك گوجیلەی بە حەوەحەو بە کلکیانەوە بەستراونەتەوە و ێاوچی فیستیقاڵ و خەڵاتەکانن.
واقیعم وەك ئەوە دەوێ، کە لەناو تابلۆکانی محەمەد عارفدا هەیە و دەیەوێ ێگایەکی چالاك بۆ وشیاربوونەوەی کەمەگا بکاتەوە. سروشتیشم وەك ئەوە دەوێ، کە لەناو تابلۆکانی ئازاد شەوقی دا هەیە و سووڕە لەسەر سەرکێشیی، هەم ئەفسانەن و هەم هێما. توندوتیژییان بەرانبەر وێناکردن تێدا نییە، وزەی دەسەڵات لەخۆیان وەردەگرن. واقیع و سروشت بنەچەی ئەفسانە و هێماکانن. ناتوانین ناەزایی بەرانبەریان دەربڕین بۆئەوەی بچینە ناوچە قووڵەکان و لە ێوداوی مەرگیش نەترسین، یان بوونی شاعیر بەرانبەر بوونی واقیع و سروشت ێانەگرین، شیعری بگەڕد واقیع و گشت شتەکان تاقی دەکاتەوە. نەك واقیع و شت ئەو تاقی بکەنەوە.
ئەگەر من هەر لەدایك نەبوومایە، یان بمردبوومایە، یەکێکی دی واقیع و سروشتی بە دیدی من دەبینی و دەربڕینی لێ دەکردن. نموونە:

ڕۆژگار جەبارى، یان ژیار ئەسوەد ... تاد، گرینگ ئەوەیە بیرکەرەوەیەك بە فیکر دەژیا و دەربڕینی لە واقیع و سروشت دەکرد و توانایی و ئامادەیی منی دەسکاند، بەرانبەر بوونی واقیع و سروشتی ئادەگرت. ئەمە ناوکی جیاوازییەکانە، لەیەك شۆن ناوەستێت، بەشداردەبێت لە بیرکردنەوە و دەرکەوتەکان، هێز بێ واقیع و سروشت و خۆی دروست دەکات.
ئەدەب بەخشندە و مهرەبانە لەگەیدا مامەڵەم خۆشە و هەر زوو چۆڕ و چەشەی وشەم دۆزییەوە و شاگەشکەبووم، خۆن لە بۆبەی پشتمەوە بێ مشك و دەم جما و هەڵکشا، خانەکانی سووی دەورانی چالاککرد. هەمیشە لە ئاسۆیەکی دوور بە وێناکردنکی زەینییەوە دەست پێدەکەم و خوێنەریش ئاشنای ئەو هەستەم دەبێت و توانایی و ئامادەیی من دەناسێت، لە چەند شیعرێکمدا درۆژدادەیم کردووە و چەندان لێکچوون، کە پێویستییان بە بۆارکردن بووە، بۆارم نەکردوون و هەشتوومنەتەوە، یەك لە کەمتەرخەمی و نەزانینی من بووە. گرفتی چۆڕ و چەشە دەهێننە پێشەوە و مەیل و ئارەزووی خوێنەر دەکوژن، وەنەوز دەدا و پەرشی بێ خوێندنەوە کەم دەبێت. ئەوکات ئەم ووداوە لە شیعری من ووی دا، کە بیری سوریالیزم بەسەرمدا زاڵ بوو، وێنەم بەسەریەکدا کەڵەکە دەکرد.
کە جیاوازبم بە ئازادیی تەواوەوە، لە بنەڕەت و چێنیەتییەوە جیاواز دەبم، پێویستیم بە پاڵپشتێکی گرینگ، نووسین و پێکهاتە و توانایی و ئامادەیی خۆم لە بیرکردنەوە و ووداودا هەیە و بەس، دەقی نایابیش بە وێنە نایابەکانییەوە لە یادەوەری خوێنەر دەمێنێتەوە و دەبێتەوە جووڵەی ئاگایی، نائاگاییش سەرزەمینێکی نەناسراوە، ئەوەی ئاگاییە گونجاوە. ئەوەی نائاگاییە بابەتکە بیری لێدەکرێتەوە ئاخۆ بێ نییە، ئەگەر هەبوو ئایە دەبێتە گونجاو، یان نا.
لە فەرهەنگی هیچ نەتەوەیەك ووی نەداوە شاعیرێك هێزی ئەوەی تێدابێت، شاعیرانی دی بداتە دواوە و بیانخاتە بازنەی مەترسییەوە، خۆی بە تەنیا بمێنێتەوە. نەمویستووە لە شاعیرانی هاوچەرخ و دەوروبەرم جیاوازبم. هەوڵم داوە لە ئەزموونی خۆم جیاوازبم، جیاوازیم لە دیوی ئەو دیودا نییە.
لە ناوەوەی خۆمدایە. ئاستداریەکانیش لە ماك و شێواز و ماناکاندایە. لە شوێنەواری ئەزموونی پێشتریشم بەتاڵ ببمەوە. گواڵیەی ئەو ڕاحە جیاوازانە دەبم، کە ڕانوێنیم دەکەن بێ جیاوازبوون و حەز و توانام بەکاربهێنم، بە سادەیی و ڕاستگۆیی دڵخ بگۆڕم و پێوەرکم هەبێت بێ بەکاربردنی کار و تواناکانم لە بەڕێوەبردن و دامەزراندندا، مەسیقاش پێش زمان دەربڕینی لە

هەستەکان و پێداویستییە جیاوازەکانی ڕۆحی مرۆڤ کردووە.
مرۆڤ، کە لە ئازارە باوخوازەکان ئادەکات بۆ کەناڵێکی چێژبەخش دەگەڕێت تا هۆکاری چارەسەری ئازارە باوخوازەکان بدۆزێتەوە، دەچێتە ناو ڕەهەندی چێژبەخشی شیعری بۆگەرد و پاراو و جیاوازەوە. لە جیاوازبوونداشیعری بۆگەرد و پاراو خۆی کەشف دەکات و خۆیمان پێشکێش دەکات.
جیاوازیبوون بەخشینێکی هەستییە، تەمەنم لە پێناوی دانا. جەستە و ڕۆحم بۆی تەرخانکردووە، بە قووڵایی نادیاریییەکان و ئاوێنەی هەستەوەردا ڕۆچووم و لێکدانەوەم بۆ دروستبووە، ژیان لەناو شیعردا بگەیەنم بە واتا ئاستەقینەکەی خۆی. ستایشی جیاوازی و داهێنان دەکەم. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی داهێنانی جیاوازییەکان شتێکە لە ژیاندا ونە.
لە شاعیرە جیاوازەکان زۆر فێربووم، تا خەون و بەرزەئاواتەکانم بەرجەستە بکەم و دڵخۆی پەروەردەکردن وەربگرن. پەیوەندی جیاوازییەکان بەهۆزن و منیان وەك شاعیرێك پەروەردە کرد و پانتاییەکی لە حاڵیبوونیان بەکارکردن و نیشانەکردن بۆ کردوومەتەوە، لەناویدا ئەرکی بوون و بەخشین و توانایی و ئامادەیی خۆم بۆسکێنم، ژیان لەناو شیعردا بگەیەنم بە واتا ئاستەقینەکەی خۆی، کە باڵاترین پلەی خۆبوونییە. پرسیاری کارکردن و نیشانەکردنی لە دروستدەکەم و دەیخەمەوو. باش و خراپی لەبارەوە دەڵێم، هەندێك نیشانە و پرسیاریش بە هەواسراوی دەهێمەوە، لە ووترین فڕمیشدا، چێژ لە پەانپەی کلاسیك و پەانپەی نوێبەخشی وەردەگرم، لە چییەتی زیندووبوونەوەی دەپرسم، ئەم پرسین و پرسینەوەیە لە نێوان من و شیعردا وەك جەنگێکی گەورەی بێکۆتایی دەمێنێتەوە، پێداگری لە پێناوی مانەوە دەکەم، تا شەهیدم دەکات. دەچمە ووترین فەزای بوونەوە، کە هەموو فەزاکانی دیکە تێیدا کۆتاییان پێدێت.

ئاداری 2020 هەولێر
سەباح ڕەنجدەر

د. ساما مانیی لە چاوپکەوتنکی تایبەت بە شارپریس، سبارەت بە ٨ی مارس

د. ساما مانیی لە چاوپکەوتنکی تایبەت بەشارپریس بە ٨ی مارس، باس لەدەخی ژنو ژیانی جندریی لەهەرمی کوردستان بەتایبەتی لەووی فەلسفیەوە دەکات و وردەکاریەکەی دەخاتەوو

شارپرس: بە تەوانینی تە لە وانگەی فەلسفیەوە، پرسی ژن لە کوردستاندا بەرەوپش چووە یان بەرەودوا؟

د. ساما مانیی: پەم خشە کە لە تەوانینی فەلسفیەوە بەت نک سیاسی، گەرچی بە سادەیی قسەکانم ئەکەم بەام بە تەوانینی فەلسفی وەام ئەدەمەوە. چونکە من هیچ حز لە باسی سیاسی ناکەم، گەر باسی سیاسەت و سیاسیکاران بکەم لە سوودی خیانە چونکە باسکردنکەم هەوەکن بە تگەیاندن، گەرچی پی نازانن.
لەبەر ئەوەی کە کەسانیتر هن لە تەوانینی سیاسیەوە و لە تەوانینی فەمینیستیەوە و لە تەوانینی جندرناسیەوە دەتوانن باسی پرسی ژن بکەن لە کوردستاندا، بە پویستی دەزانم لە وانگەی فەلسفەوە باسی بکەم و لەهەمان کاتدا لەبەر ئەوەی ماوەی ساەکە لەسەر فەلسفەی جندەر دەنووسم تەوانینکەم فەلسفەی جندریە کە باس دەتە سەر پرسی ژن/جندەر لە کوردستانا.
تەوانینی من لە وانگەی فەلسفەویە بگشتیە، چونکە فەلسفە ماەی خەمە و لە ماەی خەم بە ئاسانی و بە ئاسودەی دەدوەم. لەو لایەنەوە لە فەلسفەدا هبوونی ‘استە ر’ ی بەرەوپش چوون بەئاسانی پسەند ناکرەت لەبەر ئەوەی استە رگاکان زمینەی نگەیان پویستە، ئەو زمینە نگەش نیە، چونکە کەمگە و کەتور بەردەوام گەانکاریان تیا ووەدات.

بە ای من هموو کەمگەیک -هەر کەمگەیک- بە کەمگەی کوردستانەوە، کەمگەیکی نچەقیوە و هەمیشە لە جووە گەانکاریدایە، هزی جیا جیا دەوری تیا دەبینەت کە لە زانستی کەناسی و زانستی سیاسیدا پیان دەوترەت ‘ هزی گیرفانیی’ و مبەستیان لە پارە وەرگرتن نیە، بەکوو مبەستیان لە گیرفانی بە هزی بچوک بچوکن لەناو کەمگەکەدا، وەکو: خزان، حیزب، بنەماە،

شار، زانکۆکان، دەزگاکانیتر، بزوتنەوە سیاسی و ئەپۆزسیۆنی و هۆشنبیری و رۆکخراوەکانی ژنان و لاوان و هتد. لە هەڵە گەورەکەشدا حکومەت و پەرلەمان و ئابووری و هتد هەن. کەوتۆتە سەر ئاوەی پارسەنگی هێزەکان چۆن و پێویستە بیەکەوە چۆن لەهەر کەمپەینێکدا. ئەم هەڵانە چۆن و بۆچ لایەکدا ئەو گۆران و جوڵەیەی کە بە بەردەوامی هەن لە کەمپەینەکەدا دەبێن و ئاماژەیان دەکەن. بە نموونە بە یاسایەک دەکرێت گۆڕانکاریەک لە کەمپەینەدا هووبدات کە توانای چارەسەرکردنی کەمپەینەک کەشە و هەڵگریشی لە کەمپەینەک کەشە بکات، ئەوەش هەندێک کەس بە بڕیاری پێشچوونی دژەمڕێت و هەندێکمان بە باشکردنی ژیانی بەکەمپەینی دژەمڕین.
هەروەهاش بە بوومەلەرزەیەک یان تاعونێک یان جەنگێک دەکرێت جارێ گۆڕانکاریەک لە کەمپەینەیەک یان چەند کەمپەینەیەکدا هووبدات کە دەکرێت بە بڕیاردوا چوون بژمەردرێت. ئاوەی گرنگە لێرەدا ئاوەیە مادام دەزانین کەمپەینە شتێکی چەقیو و وەستاو و نەگۆر نیە، دەتوانین دەستکاری ئەو گۆران و جوڵەیە بکەین و بە ئاماژەیەکدا بیبینن کە بە فڕاهەمکردنی ژیانێکی خۆشتر و باشتر و ئاسودەتر لە کەمپەینەکەدا بێت؛ ژن نیوەی ئەو کەمپەینەیە و هەموو کەمپەینەکە، دەبێت دەستکاری و بکارهێنانی جوڵە و گۆڕانکاریکان و باڵانسی هێزە گیرفانیەکان ناو هەر کەمپەینەیەک بڕیاردەوام حساب بە ئاوە بکات نیوەی کەمپەینە ئاسودە بن و ژیانێکی سەربەرزانەتر و خۆشتریان بە فڕاهەم بکرێت؛ بە کورتی حیساب بە کردنیان بڕنامە و پلانی باش دروست دەکات و پێوەری کەمپەینەی باشن.

شارپرس: تۆ باست لە فەلسەفەی جەندەری کرد، فەلسەفەی جەندەری چیە؟

د. سامان مانیی: فەلسەفەی جەندەر، لەبەر ئاوەی بوارێکی نوێیە لە فەلسەفەدا، زۆر کەس هەر نەشیبیستوە، هەرلەبەر ئاوە نوە بونەشە فەلسەفەی جەندەری لە کوردستانا نەناسراوە و ناخوێنرێت لە زانکۆکاندا، لە بازنەی هۆشنبیریشدا باس ناکرێت.
هەر لەبەر ئاوەش بووە، کە دووسێ ساڵێک لەموبەر، هەر پاش تەواوکردنی دوکتراکەم زۆرم هەوڵدا لە زانکەی ئەمریکی لە سلێمانی بەشی فەلسەفە بکەمەوە و کۆرسی فەلسەفەی جەندەری تیا هەبخەم و بیەمەوە، بەڵام نەیانهێشت، خۆ سەرەکی زانکۆکە ئاگادارە چەندم هەوڵدا و تەم گیاندن ،هتد.

دوەم هەوەم لەو باریەوە، لە فەلسەفەی جەندەریدا بوو بە کوردی، نوسینی دوا کتێبی ‘هەگبەی زانین’م بە فەلسەفەی جەندەر

تەرخانکردوە ، ئەو کتێبەم تایبەتە بە فەلسەفەی جێندەری ونوسینی تەواو بوە هەر هێندەی ماوە کە لە چاپ بدرێت و لە کوردستان بڵاو ببێتەوە، هەوڵ ئەدەم زوو ئەمە بکەم.

سێ یەم هەوڵم لە فەلسەفەی جێندەریدا لە سەرەتای ساڵی رابوردودا بوو، بە 'پرۆژەی باشکردنی ژینگەی ئەکادیمی ژنە لە زانکۆکانی کوردستان دا'. ئەو پرۆژەیەکە لە خزمەتی گشتیدایە و بودجەی ناوێت، سوود بە نیوەی کۆمەڵگەی کوردی دەگەیەنێت و سوود بە هەموو زانکۆکانی کوردستان دەگەیەنێت بە بە جیاوازییان. جگە لەمەش، پرۆژەیەکی زۆر بە سوود و باشی فەلسەفەی جێندەریی یە، ویستم چەند ساڵێکی ژیانی خۆمی بە تەرخان بکەم : هەم پرۆژەیەکی فەلسەفی بوو، هەم پرۆژەیەکی جێندەری بوو، هەم پرۆژەیەکی ئەکادیمی بوو. سەرەڕای ئەوەش 'لە مشتمایە'؛ مەبەستم لەوێیە بە کردنی ئەو پرۆژەیە هەستم ئەکرد 'لەمانی خۆمدام' چونکە پێ بە پێستی شارەزایی و پسپۆریم بوو.
ئەو پرۆژەیەم لە مانگی حەوت و هەشتی ساڵی رابوردووەوە پێشکەش بە وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە. جارە نازانم کێ ئەدەن بیکەم یان نا؟ پێش کەتایی سەری ساڵی ڕابووردوو نوسینەکم لەسەر بڵاوکردەوە لە ڕۆژنامە کوردیەکاندا بە ئەوەی بەدەنگی لەسەر بجوڵێنم و دوا نەکەوێت. ئەمانە ئیشی منن، زەرم پێخۆشە بە پرۆژەی لەو جۆرە لەسەر ئەرزی واقیع تیۆریە فەلسەفیەکان بخەمە جەدەلکردنی پراکتیکیەوە لە بواری ئەکادیمی و فیکری و ڕۆشنبیریدا، ئەو پرۆژەیەم لەسەر تیۆری فەلسەفی 'زەین و بیرکردنەوە لە ژینگەی ژیانکردندا' یە.

فەلسەفەی جێندەری جیاوازە لەوەی کە بە 'فەمینیزم' و 'جێندەرناسی' ناسراوە و دەخوێندرێت لە ناو بوارەکانی سیاسەت و کۆمەڵناسیەوە. بەڵام فەلسەفەی جێندەری پێیوەندی هەیە بە هەردووکیانەوە، لەبەر ئەوەی لە تەوانینی فەلسەفەوە لە بابەتەکانی ئەوان دەڕوانێت هەندێک لە ئارگیومێنتکانیشیان ڕەت دەکاتەوە، هەندێکیتریان پشتڕاست دەکاتەوە، فەلسەفەی جێندەر ئارگیومێنتی فەلسەفی خۆی هەیە لەسەر ئەو بابەتەی کە هاوبەشە لە نێوانماندا کە ئەویش پرسی ژن/جێندەرە.
فەلسەفەی جێندەری و ئەوەی کە من نوسیومە لەم کتێبە نوێیەمدا، 'فەلسەفەی سیاسی' نیە سەبارەت بە پرسی ژن/جێندەر. لە فەلسەفەی سیاسیدا هەروەکو ئەوەی کە لە زانستی سیاسیدا هەیە، یان لە تەوریکانی فەلسەفەی سیاسی هەن، لەوانە بە نموونە: مارکسیزم و لێکدانەوە و دەرکەوتە جیا جیاکانی وەک کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم و

سۆشیال دیمۆکراتی، هێڕۆها کاپیتالیزم، لیبڕالیزم، و پۆستمۆدیرنیزم و هتد. هەر یەک لەوانە سەرنج وتێگەیشتنی خۆیان هەیە لەسەر پرسی ژن/جێندەر. بەڵام فەلسەفەی جێندەر گرچی هەوڵی ئەوەدا دەدات کە هەموو ئەو شتانە لەسەر پرسی ژن/جێندەر، بخاتە ژێر چەتری خۆی و بە هیچ کامیانەوە بەند نەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەر یەکەیان بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ژن/جێندەر دەڕوانێت و زۆر کەمتر باسی ئەو تیۆریانەش دەکات کە لە فەلسەفەی سیاسیدا هەن .

ئێستا کە ووەنم کردەوە فەلسەفەی جێندەری چی ناکات، بە ئەوەی دەریخەم باسی چی دەکات، بە کورتی دەڵێم هەموو ئەو نوسینە فەلسەفیانەی کە لە بواری فەلسەفەدا هەن و ڕەشنایی دەخەنە سەر پرسی ژن لە تێگەیشتنە فەلسەفیەکاندا، هەموو ئەو نوسینە تیۆریە فەلسەفیانەی ژن لە بواری فەلسەفەدا دروستی دەکەن؛ دەچنە ئەو خانەیەوە کە پێی دەڵێین فەلسەفەی جێندەر یا فەلسەفەی جێندەریی.
بە نموونە، ئەم کتێبە تازەیەم کە ئاماژەم پێکرد، دەچێتە پاڵینکردنی فەلسەفەی جێندەرییەوە لە بواری فەلسەفەدا، لە کاتێکدا کتێبەکانیترم نوسینی فەلسەفی ژنەکن لە بواری فەلسەفەدا. ئەم دوو پاڵینکردنە گرچی هەردووکیان هەر لە فەلسەفەدان بەڵام جیاوازیەک دەرئەخەن لە ئاستەکیاندا، نەک لە بوارەکیاندا. جیاوازیەکیان جیاوازی ئەو بابەتەن کە لەسەری دەنوسم لە فەلسەفەدا، ئێگینا وەکوتر هەموویان هەر فەلسەفەن، ئەم جیاوازیە تەنها ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە تەنها فەلسەفەی جێندەری نانوسین بەڵکوو فەلسەفە دەنوسین و ڕاڤە دەکەین و هەرلەبەر ئەوەشە کە فەلسەفەی جێندەری دەنوسین.

کەواتە، پرسی جێندەر یان پرسی ژن، تەنها لە گۆشەنیگای سیاستکردن و فەمینیزمی و ئیشی ڕەخنەڕاویی و مەبەستی ڕەخنەگرتنی ڕەخستنی ژنان نابینرێت، پانتایی زۆرە، ئەو لێبڕانەی کە هەبوون وەکو فەمینیزم و جێندەر و فەلسەفەی سیاسی یان مارکسیزم و لیبڕالیزم وهتد، جێگەی هەموو بیرکردنەوە وهەوڵەکانی ژن ناکاتەوە لە بواری فیکریدا. ئەمە(مەبەستم لە ڕەگەزی مێینەی مرۆڤە) کە نیوەی هەموو کەمەڕگەیەک لەسەر ووی ئەم زەویدا پێک دەهێنین، بە گومان جیاوازیمان زۆرە و بیرکردنەوەمان جیاوازە و ئەو بوارە فیکریانەی کە تیایدا هەین و ئەنوسین زۆرن، لە ووی ئەزموونکردنی ژیان و خوێندنیشەوە جیاوازین، ئەزموونی ژیانمان جیاوازی هەیە و زۆر لە بابەتی جیاواز وەردەگرین و زۆر لە بابەتی جیاوازیش دەبەخشین. ئەم جیاوازیانەمان دەبێت ببینرێت وبە جیاوازیەکانەوە کەبکرێتەوە وەکو ئەزموونی بیرکردنەوە و مێژووی ژن.

بە پێویستم زانی کە نوسینی فەلسەفەی جێندەری بە کوردی بهێنمە فەرهەنگی کوردستانەوە. پێش خەتەرخانکردنیشم بۆ فەلسەفە، جێندەر و کەرسی مێژووی بیرکردنەوەی فەمینیستی ئەورۆپی و مێژووی یاساکانی جووتبوون لە ئەمەریکا م خوێندەوە وەکو بۆشک لە بوانامەی بەکالۆریۆسەکم لە زانکۆی لێندن دا، لێناو کەمێک لە کەرسیتر سەبارەت بە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو/ دروستبوو وەکو ئەوانەی پاش کۆلۆنیالیزم دروستکراون، هەروەهاش مێژووی دروستبوونی دەوڵەت لە ئەورۆپا و هتد. ئەوانە هەمویان لە سێ بواردا بوون، مێژوو، کەمەناسی و زانستی سیاسی، بەڵام فەمینیزم و جێندەریان دەگرتەوە و زەمینەی تەوانینەکی فراوانیان لەلا پێکهێنام لەسەر فیکر و ناوەرۆکی بوارە ئەکادیمیەکانی دەرەوەی فەلسەفە و پرس و ئاستەکانیان. هەر لەبەر ئەوەش هانیان دەداین بیانخوینین شان بۆشانی فەلسەفە، زەر بەسوود بوون و تێگەیشتنێکی فراوانیان لا دروستکردم و یەکێکن لەو ئیشانەی کە باش بووە کردوومن.

شار پرس: بە رای تۆ، کەمێگەی ئەمە تا چەند بە ئاگایە لە پرسی ژن /جێندەر؟

د. سامان مانیی: من لەدایک بوو و گەورەبووی کوردستانم، گەرچی لە ئێستادا کە سەرنج ئەدەم لە ژیانم، دەبینم کە زەربەی ژیانم لە بەریتانیا و ئەورۆپا ژیاوم. بەڵام پێش ئەوەی ببم بە پێشمەرگەی پێش ەاپەین و زەر پێش ئەوەی بمە هێندەران، لە دەیەی حەفتاکان و هەشتاکاندا لە کوردستاندا خوێندنەوەی زەرم لە فەلسەفەی سیاسی دا کردبوو، لەبەر سیاسەتکردن. ئەو خوێندنەوانە وای کرد کە بە ئاسانی ببینم لە کۆدا تیەریکانی فەلسەفەی سیاسی کورت دەهێنن لە پرسی ژن دا و لە کۆدا ئاراستەیکی بەهێز دەبەخشن بە پرسی ژن ، هەر لە سەرەتاشەوە هەوەم دا ئەوە لە سیاسەتی کوردی بگەیەنم.
مێژووی ژن لە سیاسەتدا و تێکەبوونی بە فەلسەفەی سیاسی (ئەوەی پیاوان پێی دەڵێن ‘دەستو پێنجە نەرم کردن’) لە مێژووی کورد دا هەیە و بەڵام مێژوو بە ەاستی نەنوسراوەتەوە لە کوردستانا، لەبەر ئەو هەیانەی کە هەموو دەیانزانین.
ئەگینا خەپەروەردەکردن و خوێندنەوە بۆشک بوو لە ەێشنبیری وسیاسەتکردن لە شەست و حەفتا و هەشتاکاندا، دایکی من گەرچی خوێندەوار نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی خێی سیاسیکار بوو (نێک لەبەر باوکم) لەسەرەتای شەستەکاندا باسی لە گرنگی نەوت دەکرد لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدا بە گەڵکەکەمان، هەتا بەڵێی لیبرالانە و چەپانە بیری لە ژن و ژیانی ژن دەکردەوە. ئەو کاتانە وێک ئێستا

نەبوو، هەرکەسێک سیاسەتی بکردایە و هەوای خۆپەروەردەکردنی خۆی بدایە مەحاڵ بوو تێپەڕنەکات بۆ کۆچی فەلسەفەی سیاسیدا و تێوانینی ئەو تیرە سیاسیانە لەسەر پرسی ژن نەخوێندبێتەوە یان بەر گوێی نەکەوتبێت، جا چ ژن بوایە یان پیاو،کەوتبوە سەر هەوای خۆی و توانای لە تێگەیشتن و حەز بە تێگەیشتن پێش سیاسەتکردن و لێکاتی سیاسەتکردندا.

نەوەی پێش من ونەوەی من و نەوەی دوای من، لە شەستەکاندا لە حەفتاکاندا و لە هەشتاکاندا چیمان دەخوێندەوە؟ فەلسەفەی سیاسی، فەلسەفەی ئەڵمانی، کەی بیری چەپ بە کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم و سۆشیال دیمۆکراتی یەوە، هەروەها کاپیتالیزم و بیری لیبرالی، هەموو ئەمانە بەشێکن لە فەلسەفەی سیاسی و هەریەک لەمانەش تێڕی و لێکدانەوەی خۆی هەیە و تێوانینی خۆی هەیە لەسەر پرسی ژن، ئەگەر تەنها ئەوانەشت بخوێنایەتەوە جگە لە فەمینیزم و شۆپڵی ڕەوتەکانی ڕەخنەگری لەو تیۆریانە، مەحاڵ بوو بەر پرسی ژن نەکەوتیتایە.
لەبەر ئەوەیە کە دەڵێم ئەوانەمان کە ڕەشنبیر بووین و بە ڕەشنبیریەوە چوینە ناو سیاسەتەوە، کە لەسیاسەتدا ئیشمان دەکرد تێوانینی خەمان بەخشیوە بەو سیاسەتە لە ناو کوردستاندا و دروستمان کردون و گەورەمان کردوون، بەرکەوتنمان هەبووە بە پرسی جەندەر و فەمینیزیم و تێوانینە جەندەریەکانی ناو فەلسەفەی سیاسی و ڕەنگدانەوەی ئەوە هەیە لە مەژوودا، بەڵام بە مەبەست شاردراوەتەوە.

تە بە پرسیارەکانت هەر لە سەرەتاوە دەمبەیتە ناو باسکردنی سیاسەتەوە ، من حەز بە باسکردنی سیاست ناکەم وەکو وتم ، وازم لە سیاسەتکردن هێناوە لە ١٩٩٣ وە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت قسەکەم تەواو بکەم، ئەبێت ئەوەش بڵێم کە هەموو ئەوانەی سیاسەتیان دەکرد ڕەشنبیر نەبوون، مەبەستیشم لە ژن و پیاوە. ئەو تێوانین و بۆچوونە هەیە کە ‘سیاسەت’کردن و ‘ڕەشنبیری’ تێکەڵ دەکات، یان چوونە شاخ و پێشمەرگایەتی لەگەڵ ڕەشنبیری تێکەڵ دەکات، چ بە خوێندنەوەی مەژوو بێت یان بینینی حاڵی ئێستا/حاڵی حازر. سپێکترەمێک لە پڵینکردنی جیاجیامان هەیە لە بزووتنەوەی کورد دا، ‘قوربانی’ مان یەکجار زۆرە،’ قارەمان’مان زۆرە، ‘خەبەخش’مان زۆر بوو، ‘ئازا’ مان زۆرە، ‘جەنگاوەر’مان زۆر زۆرە، ‘توشبوو’ ی سیاسەتیشمان یەکجار زۆرە بە بەنای ئەندامێکی خێزانەکەیەوە. هەموو ئەمانە هیچیان خراپ نەبوون، بە پێچەوانەوە کەسانی باش وگرنگی کوردبوون، کەمێک لەو خەسڵەتانەی جێی شانازین، بەڵام لە

جوملەی ڕەشنبیران نین. لە کاتێکدا مێژوو و زانستی مێژوو ناسی و نوسینەوەی مێژوو دەبێت پاڵپشتکردنەکان لە یەک جیا بکاتەوە، ئەمە زەرەر گەرنگی بەتایبەتی بە کورد، جگە لەوەی پایەیە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، دەبێت بەهێند وەربگیرێت.

شارپرس: ئاگادار بەراوردێک لە نێوان سیستەمی ووڵاتانی ڕۆژئاواو و سیستەمی کوردستانا بکەین لەسەر پرسی ژن، کام لەو دوانە باشترە ؟

د. سامان مانیی: پرسیارەکانت بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕێن کە چارەسەری بنەڕەتی بدۆزنەوە، ئەمە لایەنێکی ئیجابی هەیە و لەناو ڕۆژنامەگەرە ڕەشنبیرەکانی کوردی دا و هەروەهاش لەناو ڕەشنبیرەکاندا بەگشتی، زەر دیارە و دەیبینم لە قسەکردنیان لەگەڵ منداا. لایەنە ئیجابیەکەی بریتیە لە حەزی تێگەیشتن و تێگەیاندن و کەتایی هێنان بە کێشە و پرس و نەهامەتیەکان، ئەمە حەزێکی ڕەوایە، من ئەو جۆرە حەزەم بەلاوە پەسەندە. بەڵام، بە کەتایی هێنان بە هەموو ئەوانە، دەبێت لێیان تێبگەین، بە ئەو تێگەیشتنەش ئیشی ووردی دەوێت، بە سەدان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بە کاڵتی بەرز پێویستە. سەرەڕای هەموو ئەوەش هێشتا لە وەڵامی پرسیارەکدا ئەو هەموو لێکۆڵینەوەیە خەی دەرنابڕێت و خەی نادات بەدەستەوە.

بەکورتی ئەمەوێت بڵێم، ژن نە لەسەر زەمینێکتر دێژی و نە کەمەگەی تایبەت بە خەی هەیە و نە بەتەنیا دێژی، لەو کەمەگەیەدا دێژی کە پیاو و ژن پێکیان هێناوە، ژیانی ژن وەکو ژیانی پیاو پێویستە بە سیستەمی سیاسی و جەنگەکان و سیستەمی ئابووری و تێگەیشتنی کۆنتوری و ڕەوتی ڕەشنبیری و ڕەوتە سیاسیەکان و کواڵتیی و ئاستی بەرزی ڕەشنبیری و ئەکادیمی ، هتد. لەبەر ئەمەیە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەت دەبێت لە پێشدا بە تەواوی هەڵسەنگاندنی سیستەمی سیاسی ئەورپا و ڕۆژهەڵات بکەم، بەراوردی جۆری حیزبەکانی ئەورپا و ڕۆژهەڵات بکەم، پێگەکانی دەسەڵات لە ناو کەمەگەی ئەورپا و ڕۆژهەڵات بکەم، سیستەمی ئابووری لە ئەورپا و لە ڕۆژهەڵات بەراورد بکەم، یاساکانی ئەورپا و ڕۆژهەڵات بەراورد بکەم، پرسی توندبوونی دینداری لە ئەورپا و ڕۆژهەڵات بەراورد بکەم، تێوانینی یاسایی و کۆنتوریی بە 'خۆشویستی' و 'هاوسەریکردن' و 'جیابوونەوە' و شتی وردیتری ژیانکردن لە کەمەگەکاندا بەراورد بکەم لە نێوانی ئەورپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەند/ کوردستان.
لەمانەش گرنگتر زەر مەسەلەیتریش هەن کە فیکرین و پێوەندیان هەیە و کاریگەرن لەسەر ژن و پرسی ژن، بە نموونە وەکو ئازادی بیروا

دەربەین، ئازادیە شەخسیەکانی تاک، هتد. ئەمانە و زۆریتریش کە پێویستن لەو بوارەدا هەبن و لە پرسی ژن دا تاووتوێ بکرێن، ئەو بوارەکانە، بە نموونە، وەکو مێژووی فیکریی ئەورووپا و مێژووی فیکریی کورد، هەروەها پاشخانی فەلسەفی ئەورووپا و پاشخانی فەلسەفی کورد. هەر وەها کە ئەو پرسیارە دەبێت هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە باسی پرسی ژن لەو بوارەدا دەکەن.
ئەمە بە دیدارێکی کورت ناکرێت. لەوانەیە بە یەک کتێب یان تەوژمێنەوەی وورد و دوورودرێژ بکرێت، وا من باسم کرد کە چەن دەکرێت، هیوادارم کەسێک بیکات بە کتێبێک و سوودی هەبێت.

شارپرس: پرۆژەکانت چین لە کوردستان؟ بۆتەمای چی بکەیت لە کوردستاندا کە پەیوەندی هەبێت بە مەسەلەی جەندەرەوە؟

د. سامان مانیی: من خەم ژنم و کوردم و لە بواری فەلسەفەدا هەم، هەموو ئەو بوارەستانەی دەخرێنە بەرپەم ، بە هەر بەهانەی ڕەگرتنێک بێت بریتیە لە نادادپەروەری جەندەری، گەر نادادپەروەری جەندەری نەبێت دەبوایە پاپشتیەکی زەرم بکرایە و یارمەتیدانەکی زەرم بکرایە بە هەموو پرۆژەکانم. ڕاستیەکەی، هەرواشم چاوەڕێ دەکرد، لەبەر ژمارە کەمی ژن لە بواری فەلسەفەدا لە کوردستانا. هەر لەبەر ئەوەشە تا ڕادەی سەرسوڕمان پەم سەیربوو لە گەڕانەوەی پەشوومدا لە ٢٠١١-٢٠١٣دا زەر ناحەقانە و تونددوتیژیانە ناچاریان کردم بە کردنی دوکتۆراکەم ئیستیقالە بکەم لەو پیشەیەی تیا دەژیم ، کە فەلسەفەیە.

بیرکردنەوەکانم و نوسینەکانم و ئیشەکانم لە بواری فەلسەفەدان، هەندێک لە ئیشەکانم کە لە ڕابووردودا کردوومن دەچنە خانەی فەلسەفەی سیاسی و زانستی سیاسیەوە، لەبواری سیاستدان. هەندێکیان لەبواری جەندەردا بوون و هەن ، لە ناو بازنەی سیاسیەوە و لە پەشمەرگایەتیدا و لە ناو ڕەوەندی کوردانی تاراوگەدا: بە ڕەخستنی کەرس و بە ڕەخستنی کەنفرانس و بە وتار نوسین و بە هەڵوەست وەرگرتن و بە پرسیار ووروژاندن لە کەڵ و بەنەکاندا مەسەلەی جەندەریم خستۆتە ڕوو و تاووتوێ کردوە .

لە ئێستامدا، دەمەوێت هەندێک ئیش لە فەلسەفەی جەندەری دا بکەم، شان بەشانی ئیشە فەلسەفیەکانیترم. لەبەر ئەوە چەندین پرۆژەم هەبوون و هەیە بە دان بیانکەم لە کوردستان لەم چەند ساڵەی ڕابووردودا.
بەڵام کەس ناتوانێت هیچ بکات ئەگەر حیزبەکان نەیەڵن بیکات، هەموو

ژنەکیش دەتوانێت شتی باش بکات ئەگەر حیزبەکان داینێن لە شوێنی باش دا و پرۆژەی باشی بخەنە بەردەست.
ئەمە تەنها مەسەلەیەکی سیاسی نیە، بەڵکوو فەلسەفیش، پێشتر لە کتێبەکدا باسی ئەوەم کردوە کە کاتێک کەسێک دانیت لە پێگەیەکی بەرزدا بە نموونە، گەر پێشتر هیچیشی نەزانیبێت یان تواناو تێگەیشتنێکی کەمیشی هەبووبێت، لەو پێگەیدا هێندەی زانیاری دەکەوێتە بەردەست هەر بە حوکمی پێگەکەی فەر دەبێت، لەبەر پێگەی خەزانییش هێندە هاندەرێت ئیتر توانای تیا دروستبێت.
پێچەوانەکەشی ڕاستە، بەهەمان شێوەش گەر بەردەوام نەگە لە کەسێک بگریت هەرچەندەش بە توانا و لێهاتوو بێت، هەموو تواناکەی لەدەست دەدات و لێهاتوییەکەی دەپوکێتەوە و نامێنێت، ئەمە ڕاستیەکە کە دەبێت وەکو ژەهر نەشی بکەین.

بەیە پێداگرم لەسەر ئەوەی هەموو ژنەکی کورد وەکو یەک ‘نادادپەروەری بەرامبەر ژن’ بەرناکەوێت، هێندەکمان زەرمان بەردەکەوێت و هێندەکمان کەمتر و هێندەکمان بە ئاستەم بەریکەوتوە، ئەو بانسە پێویستی بە ڕاستکردنەوە هەیە و تەوانینی جێندەری دەبێت هەموو ئەوانە ببینێت، ئیشکردنیش لە پرسی ژن دا دەبێت هەموو ئەوانە بگرێتەوە وڕاستیان بکاتەوە.

جگە لەمانە، وا یەکەم کتێبی فەلسەفی ‘فەلسەفەی جێندەری’م بە زمانی کوردی نوسیوە و تەواو بووە، لەم یەک دوو مانگەدا بڕاوی دەکەمەوە، بە مەبەستی دروستکردنی فەلسەفەی جێندەری لە بواری فەلسەفەی ئەکادیمیدا، هەروەهاش لە ناوەندە ڕۆشنبیریەکاندا.

پێیڤکی خەمناك بۆ کێچبەران و پێنابەران … زاهیر باهیر

ئەی نەگبەت، ئەی سەر لەشوێنراو . پێنجەی سەرکەتنی چی بەرزدکەیتەوە، خۆ قەڵای خەیبەرت نەگرتووە..، خۆ دووژمنت نەشکاندووە..، تەلبەن و سنورکانی نەو دەوڵەتانت نەبەزاندووە…، لەشکری ئەسکەندەری گەورەت بە فەتارات نەبردووە….

باوانەکەم تۆ سەرت لەشەوەنراوەتە، تۆ سوکایەتی دونیات لێ نیشتمانی "خۆتا" پێکراوەتە، ژیانت لێتاڵکراوە.. خاکت لێزەوتکراوە.. فرۆشراوە.. سەراپای ژیانی خۆت و خەزانت بە کێلە کراوەتە..
ئەزیزی من، تۆ ئەڵاهو و ئەکبەری چیتە ، گەورەیی و مەزنیی کێ؟ ئەو کەسەی کە پەروەردگارە لای تۆ.. ئەو کەسەی کە دادوەر و بەخشندە و میهرەبانە لای تۆ.. ئەو زاتەی کە هەموو کارێکی باش و خراپی دەخەیتە ئەستۆتەوە.. ئەو.. هەم دادوەرە و هەم زاملە و هەم ڕەحیمە لای تۆ ..

کەسەکەم ئەو ئەڵاهەیەی کە تۆ هەر بەکەرپەڵەیی لە باوەشی دایکت کەوتیتەخوارەوە و بە ناوییەوە گەش کرایت، بانگیان بە گوێ و مەشکدا هەڵدایت، بە پاکی و گەورەیی و بەخشندەیی و میهرەبانی و سەرچاوەی ژیان و مردن.. ، ئەویان پێ ناسیت.. دەی بیرە بکەرەوە بزانە بە چی تەی ئاوا دەربەدەرکرد ، بەچی تەی لە ژیانی نەو خەزان و هاوەڵان و خەڵکانی خۆت ، بە بەش کرد.. بەچی ئەمتەکەی خەی بەو دەردە برد.. ئەژدەهاکەی تەفانکەی نوح، ئەژدەهاکەی بومەلەرزە، ئەژدەهاکەی تاعونی بە نازە کرد..ئەژدەهاکەی دیکە جەنگی ئەهلی .. گروپی تیرەریستی.. داگیرکردنی سەربازیی بە دروست کرد .. پێشتریش نەبوونیی ، نەخۆشی، بە کاریی بە ژیانی بە دابینکرد. ..

ئەی بەدبەخت هەشتا هەر ئەڵاهو ئەکبەر!!، هەشتا هەر متمانە و بەوای بە سەر و بەر!! هەشتا پاڵاناوە و ئاهو ناڵەو سوپاسگوزاریی بە بەرهەم و بە بەر!!..ئاخر چی تر ماوە بیچژی؟! ، چی تر ماوە نەیبینی..مەگەر لە ئەستادا هەر جامی ژەهری مردن نەنۆشی..

باوانەکەم من دەزانم کە تۆ لە چ جەهەنەمەکەوە هەڵهاتویت و ملت بە حساب بە بەهەشت ناوە، ئومێدی دواڕۆژ و ئایندەی خۆت لەسەر بنیاتناوە.. بەهەشتەک کە جێستە تێیدا زیندووە و ڕەح تێیدا مردووە .. پەیوەندیی حەقیقی نەوان خەڵکی تێیدا نامێنە و لە کەڵەک کەوتووە .. ئەوەی لای تۆ جوانە و بەهادارە .. لەرە بە بەهاو ناکارە.. بەهەشتەکی بە بنەمایە.. نە شەرابی بەلاش و نە حەری خەڵایی و ڕووپۆشی تیایە ..
.. هێ هێ باوانی باوانەکەم ... کاتەک کە لە شاشەی تیڤیەکانەوە دەتبینم کە چ سوکایەتییەکت پێدەکرێت ، لە سەفەرەکەتا چ سەرمایەیەکت لە دروست دەکرێت ، لە لایەن دەندە دووپشکانەوە چ ئازار و ئەشکەنجەیەکت دەدرێت.. لەگەڵ هاتنی وەنەکەتا..لە تەک بینینی شەوەی شەواوتا ، لە نەو دەشدامان لە بیرکرنەوەی داهاتوتا .. گریانم بێت دێت..دەم ژان و ڕەحم بڕی تەڵە، و تەڵە کردنەوە

لە سەروران و دەوڵەت و سیاسەتمەداران ، دەگرەن.. ، قەستەم بەمە بەمبایەك و پیایانا بتەقمەوە … بەمە هوبارەك لە ژەهر و ئاو و خواردن و خواردنەویان، ژەهراویكەمەوە… قەسمتە بەمە بەمبەكی چنرا و داڕژراو سەیارەكانیان ، تەیارە شەخسییەكانیان، كەمپنیاكانیان بە زیانی كارگەرانییان … بتەقنمەوە …تاكو بە هەمیشە لەسەر هوی نەخشەی جیاوازكاری و زەردارتی و چەوساندنەوە …وەنەیان جەستەیان … یادەوەرییان …. پلانیان …بسەمەوە … بەرام كاتەك وەنەكانتان … لەسەر شاشەكە دەڕەوتەوە … منیش هەدی هەدی ڕەحم كەمەك ئارامی تەدەگەڕتەوە …كەمەك هەش و گەشم تەدەتەوە و بیەردەكەمەوە… كەشەكان بەمە بنەبە نابەت ، جیاوازییەكان و نایەكسانییەكان و نادادوەرییەكان بەمە لەناو ناچەت ..

كەسە داماوەكەم، تە وادەزانی بە گەیشتنت بە ئەرە كەشە نامەنە … وادەزانی ئاو و هەوای ئەرە ئارامیی و بەختەوەریی هەمیشەیی دەنە ؟ … تە نازانیت … تە هەشتا تەپوتەزی ڕەگە لە جەستەی شەكەتت نەبووتەوە …. تە هەشتا ڕەنگی هەڕەوكاوی ڕەگای هات و نەهاتت، ئاسایی نەبووتەوە ، تە هەشتا دەی لە دە كەوتوت … مەشكی ماندووت …ئارام نەبووتەوە …. من دەزانم گەیشتنیشت بە ئەرە كە چ دەردەسەرییەك چاوەڕوانتە .. چ مەترسییەك هاوڕێ وهاوكاتتە.. چ بەخەرنەهاتنەك و ڕووگرژییەك بەرەو ڕووتە…چ نامەییەك چاوەڕوانتە …. چ مەتەكیەك لە خەونی شەوانەتا میوانتە …
وای ئەزیزم…لەم هەموو نەهامەتی و دەردەسەرییە … لەم تالوكەییەی ژیان و بە چارە نوسیە…لەم غوربەتی " بەهەشتە" و تەنهاییە … من لەرەوە دەم بەت ژان دەكات … كە تە ئاوا دەبینم، بارو دەخی تە گەر من تەزەك گیانی مرۆیانەم تیادابەت..ئەمەی تە ژیانم لە تاە دەكات….

پەویستت نییە كە قسەی من بە هەند وەرگریت … زەروور نییە كە ئەزموونی من و زەری ترمان لە چاو بگریت …. هەر گیزیش ناكرەت خواستی خەت و چارەنوسی خەتیش بكەیت … بیدەیتە دەست حیكایەتی یەكەكی دیكە … بەیار بەیاری خەتە و چیت دەوەت، بیكە … بەرام هاوكاتیش سەرنجامەكەی پەسەند و تەحەمول بكە.

زاهیر باهیر
07/03/2020

Zaherbaher.com

□□□ی باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهریدا-3- هەسوڵ بەسکێنی

بەشی سێیەم
گەشەکردنی ڕاپەڕینەکە

لەماوەیەکی کەمدا ڕاپەڕینەکە پشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینی و زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە، سەرەتا دەوڵەتی عوسمانی ویستی لەڕێگای نوێنەر و ئاگادارکردنەوە، وابکات شێخ واز لە ڕاپەڕینەکەی بێنێ، لەوبارەیەوە باوەزخانەی فرەنسا لەپاشکۆی ڕاپەڕتی ژمارە (149) تەراپیا (28)ی ئۆکتۆبەری (1879) دەڵێت: لەوەتای دوا بروسکەنامەی (39)دا کە شەرەفی ئەوەم هەبوو لە مۆژووی (8)ی سێپتامبەری ڕابردوو بۆ جەنابی بەڕێزتان ڕەوانە بکەم، شۆشی چەکداری کورد چووەتە قۆناغێکی ناسك و گرنگی زۆری بەخۆیەوە گرتووە، لە ژمارەیەك لە مزگەوتدا ناوی شێخ عوبەیدوڵا سەرکی ڕاپەڕینەکە لەجیاتی ناوی سوڵتان لە خوتبە یا نوێژی هەینی دا خوێندراوەتەوە. هەروەها لەوەشیان دڵنیا کردمەوە ئەم شێخە لەقەبی پاشای بە ژمارەیەك لە نزیکانی خۆی بەخشیوە. ئەوەشی ڕاگەیاندووە تورکەکان بەهیچ شێوەیەك موسڵمانی تەواو نین.
بڕیان نووسیوم فەیزی پاشا دوو کەسایەتی کورد یەکێکیان لە کەرکوك و ئەوی دیکەشیان لەسلێمانیەوە وەکو وەفد ناردبێتە لای شێخ عوبەیدوڵا، تا ئاگاداری بکەنەوە و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی بڕیار بدات مل بدات، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بووە و ئەم نێراوانە سەرنەکەوتوون.
ڕاپەڕینەکەی کورد گەلێك لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیا و ئێرانی گرتەوە، لەبەرئەوە مایەی سەرسوڵمان نەبوو ئینگلیز بەئاگاداریەوە چاوی تێ ببڕێت و هەوڵی لەناوبردنی بدات. مەجەر تڕێتری کونسوڵی بەریتانیا لە ئەرزروم ڕاپەڕینەکەی کوردی هێندە لا گرنگ و سامناك بوو، ناچار ماوەیەکی درێژ لە ئەرزروم مایەوە و بەشداری هەموو ئەو خۆئامادەکردنەوەی کرد بۆ کە لێدانی ڕاپەڕینەکەی کورد لە گەڵدابوو.

ئەستەمبوڵ دوای ئەوەی زانیاریەکی باشی لە خۆئامادەکردنەکەی شێخ کۆکردەوە، کەوتە خۆی لە پایزی (1879) موشیرسامی پاشای لەشکری چوارەمی ئاسپارد ڕووشونی پۆیست بگرنەبەر و بەرەو ئاپەینەکە بچێت، حکومەتی عوسمانی کەهەستی بەمە کرد خۆرا موفتی وانی ناردە لای شێخ، بەنیازی ئەوەی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، هەرچەندە گفتوگۆکە هەفتەیەکی نەخایاند، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نەدا بەدەستی کاربەدەستانی عوسمانی بێت، شێخ عوبەیدوڵڵا مەبەستی خۆی بۆ موفتی خستەڕوو، بەتایبەتی ناڕەزایی خۆی دەربارەی دەستگاکان و خراپ بەکارهێنانی بەڕێوەبەرایەتی ئەو دەستگایانە دەربڕی.
داوای گفتوگۆ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا لەلایەن عوسمانیەوە
هەموو ئەو دەنگوباسانەی لەلایەن چاووێکانی ئینگلیزەوە دەربارەی کوردستان کۆدەکرانەوە، خۆرا دەگەیشتە سامی پاشا. ئەمەش وای کرد سامی پاشا ئاگای لە دۆخی ئاپەینەکە بێت و بزانێت چۆن هەنگاو هەڵبنێ و چی بکات. سامی پاسا حەزی کرد چاوی بەشێخ بکەوێت و داوای ڕوون کردنەوەی هەیەکانی ئاپەینەکەی لێ بکات، بەڵام شێخ ئازی نەبوو چاوی پێی بکەوێت و لەگەڵیدا کۆببێتەوە.
شێخ هەی پەلاماردانی پیاوەکانیشی بەسەر ئەو هێزەی لە موسڵەوە هاتبوو، بەوە ڕوون کردەوە لەبەر پاراستنی نیشتەنیە بۆ دەسەڵاتەکان بووە" پاراستنی ئەوانە لەدەست درێژی کردنی ناڕەوای سەربازەکان" بە ئەرکێکی پۆیستی سەرشانی داناوە.
سامی پاشا هەر کە گەیشتە وان خۆرا داوای لە شێخ کرد لەگەڵ بەحری بەگی نوێنەر و یاوەری سوڵتان عوبدولحەمیدی دووەمدا بکەوێتە گفتوگۆ، بەحری بەگ ئاسپێرابوو بەهەموو جۆرێك جا لەڕێی پارەوپول و دەم چەورکردنەوە یان لەڕێی بەڕێن و گفت بەخشینەوە بێت وا لەشێخ بکات واز لە نیازی ئاست بوونەوە بێنێت. کاتێ بەحری بەگ کە گەیشتە هەکاری ئەم وتەیەی دا:"من دەعوەتی شێخ دەکەم بچێت بۆ ئەستەمبوڵ، ئەگەر بەرهەستی بکات، ئەوا منیش لای خەمەوە بە هێزەکانی ئیمپڕاتۆریەتەوە دەکشێمە سەری".
لەپاشکۆی نامەیەکی ئیرل گرانڤڵ بۆ مستەر گڕشن ی ناردووە، دەڵێت:
" وروژاندنێك ئەستا لە ئارادایە بەحری بەگ دەچێت بۆ لای سەرۆك خێڵە کوردەکان و هەندێ جار بەڕێنیان دەداتێ، هەندێ جار ئیستعگاف، وەهەندێ جاریش هەڕەشە بەکاردێنێت، بۆ یەکخستنی هەموویان لەدەوری یەك سەرۆك هەمان سەرۆك کە شێخ عوبەیدوڵڵایە." کە ئاپەین نەکەن و وازبێنن، بەڵام ئەمەش سوودی نەبوو، هەتا زمان لوسی و بەڕێنەکانی بەحری بەگیش ئەنجامیان نەدا، شێخ فەرمانی دا بەهەموو کوردەکانی ژێردەستی باج و سەرانە نەدەن بە میری و لە ڕوویان ئاست ببنەوە، ئەوەشی بەوە بۆ میری ڕوون کردەوە گوایە کاربەدەستان بۆ بەزەییانە

باجەکی لە پلە بەدەر لە میللەت دەستێنن.
ئاپەرینەکە لەماوەیەکی کەمدا ناوچەیەکی فراوانی گرتەوە، دەربارەی فراوانی ئاپەرینەکە لەیەکێك لە بەگەنامەکانی بەریتانیدا هاتووە:"ئەم کەمەیە لە هەموو شوێنێك لکی هەیە.
کۆتایی ئاپەرینی یەکەمی شێخ عوبەیدوڵا
هەر لەسەرەتای ئاپەرینەکەوە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دەدا بەهەر شێوەیەك بێت ئاپەرینەکە بوەستێنێ، لەبەرئەوە داوای لەشێخ کرد لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆ، هەرچەندە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانە نادیارە، بەڵام بەپێی فەرمانی لەشکرکێشی عوسمانی بۆ ئامێدی و لێدانی ئاپەرینەکە وادیارە گفتوگۆکان سەرکەوتو نەبوون، بەڵام شێخ عوبەیدوڵا بۆ زیاتر خۆئامادەکردن بۆ ئاپەرینەکە بروسکەی بۆ سەرێك وەزیران ناردووە، بەمەبەستی دواخستنی کاتەکە، بۆ باشتر خۆئامادەکردن بۆ ئاپەرینەکە، وەك لە هەمان ئاپۆرتی باوەزخانەی فرەنسا ئاماژەی بەو گفتوگۆیانە داوە و لەو بایەوە دەڵێت: "واپێدەچێ هیچ شتێکی ڕوون لەبارەی یەکەمین گفتوگۆکانەوە لەبەردەست نەبێ، کە نزیکەی یەك مانگی خایاند لە (15)ی حوزەیرانەوە تا (15)ی تەموز، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەم گفتوگۆیانە هیچ ئەنجامێکی ڕەزامەندکارانەیان لێوەشین نەبوو، چونکە هەر لەیەکەم ڕۆژەکانی مانگی تەمووزەوە فەرمان بۆ سەرکردایەتی سەربازی موسڵ هات، کە بەیەك بەتالیۆن (450) سەرباز، کە دابەش دەبن بۆ سەر سێ هێتێی گەڕەك، بەرەو هەرێمەکانی ئاپەیوەکان بەڕێ بکەون، چەند ڕۆژێك دواتر ئەفسەری گشتی ژەنەڕاڵی لیوا ئەدەهەم پاشا گەیشت بۆ ئایی کردنی فەرمانێکی نوێی حکومەت بۆ سەرپەرشتی ئۆپەراسیۆنەکان بکات، ڕۆژی (13)ی تەموز لەگەڵ (2) لەشکری پیادە (160) سەرباز و یەك بەشی تۆپخانەی چیایی موسڵی جێ هێشت. کاتێك گەیشتە ئامێدی، داوای هاوکاری لە والی موسڵ کرد، بەڵام دواتر لەلایەن ئاپەیوان تێکشکێنراو نەیتوانی تیپی سەربازیش لە کوردستان دروست بکات، بابی عالی لە هەوڵی ڕێکخستن و ناردنی سوپادا بوو، بۆ تێکشکاندنی بزوتنەوەکە.
هەروەها فەرمان بۆ والی بەغدا دەرچوو بە خێی و لیوایەکی گەرێکی چوار بەتالیۆنەوە پێوەندی بەموسڵەوە بکات، لە هەمان کاتدا سریەیەکی سوارە لە ئاردوی موسڵ و یەك بەتالیۆنی پیادە لە جزیرەوە بەڕێکران بۆ پێوەندی کردن بە ئەدهەم پاشا لە ئامێدی، دواجار موشیر سامح پاشا کۆنە سەرکردەی سوپای ئەرزروم، وەکو کۆمیسێری ئیمپراتۆری لە کوردستان دیاری کراو فەرمانی پێدرا دەستبەجێ هاوڕێ لەگەڵ ژەنەڕاڵی تیپ ڕەجەب پاشا و کۆمەکێکی زۆر لەلایەن ئاردووی سوڵتانەوە بکەونەڕێ. لەگەڵ گەیشتنی بروسکە ئاستەوخۆکان لەلایەن

شێخ عوبەیدوڵڵاوە بە سەرۆك وەزیران ڕەوانە کران بابی عالی گفتوگۆی لەگەڵ بکات. بەگومان شێخ عوبەیدوڵڵا حەز دەکات خەباتەکەی دوا بخات، کە وا هەست دەکات هێشتا خێی بە ئامادە نەکردووە، یا دەیەوێ بەلای کەمیەوە تا وەرزی سەرما و سەڵە داهاتن دوای بخات، کە تەواو لە قازانجی پرسی ئەو دایە.
هەروەها باوەڕخانەی فرەنسا لە ڕاپۆرتی ژمارە (155) کۆنستانتینۆبل (8)ی دیسامبەری (1879) دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕەکەی خێی بە وان بە لای سەرکردەی سوپای چوارەم سامح پاشا ناردووە، بە ئەوەی دڵسۆزی خێی بە سوڵتان نیشان بدات، ئەم سەردانە بووە هێی ئەوەی لە ڕۆژنامە کۆنستەنتینۆبلیەکان، ژمارەیەك ڕاگەیاندنی ڕەسمی باوبکەنەوە لەوەی دونیابوون سەرکی شەش بە گوناهە.
هەبەتە وادەرناکەوێ بتوانین لێرەدا شتێکی دیکە ببینین جگەلە مانگرتنێك، کە پێشتر سەرکەوتوانە بەر لەسێ مانگ لەلایەن شێخ عوبەیدوڵڵا بەکارهاتووە و بە هیچ گومانێك شێخ عوبەیدوڵڵا بەرگەی بانگهێشتنە پێ گوشارەکانی گرتووە، کە داوای لێ دەکەن خێی پێشکەش بە دەسەڵاتدارە عوسمانیەکان بکات. ئەو کاتانە وەك بەڕێز سیێفی گوتەنی، هەموو ناوچەکانی نێوان موسێ، کەرکوك و سلێمانی هێندە بەچەتە (پێشمەرگە)ی کورد تەنراون بەشێوەیەك کاروانی نێوان ئەم شارانە تەنیا بە ئەو کاروانانە دەبوو هێزێکی سەربازی بەهێزیان لەگەڵ دابووە، تەنانەت لە خودی کەرکوك، کەنیمچە گەمارێ درابوو نرخی گەنم دە جاران لە نرخی ئاسایی خێی بەرزبۆتەوە.
ئەوەی ئاسان نیە پێشبینی ئەوە بکرێ ئەم کاروبارانە بەکۆ دەگەن، بەگومان ئەمە دەوەستێتە سەر هێیە سەرەکیەکانی خواستی کوردەکان و نەخوازەش ڕەوشی پێوەندی نێوان تورکیا و ئێران، ئەوەی کەمتر جێگای دڵنیاییە ئەوەیە وەك ئێمە پێشبینیمان کردبوو، تورکەکان بە توانان لەوەی بە شێوەیەکی سەربازی تا بەر لەوەرزی داهاتنی خراپی زستان ڕەفتار بکەن و کوردەکان هەموو شۆنەکانی خێیان پاراستووە و لەتەواوی زستاندا بدەنگ دەبن و لە وانەیە لە خاکەلێوەدا چەندین ڕەوشی تێك ئاڵز بوو سەرهەبداتەوە و بەئاسانی کاری نیگەران بە تورکیا بهێننە پێشەوە.
ئەوەی ڕاستی بێ شێخ بەلایەوە چاکتر وابوو دان بەخێدا بگرێت و چاوەڕوان بێت، ئەمەشی لەبەر ئەوە بوو، چونکە هێشتا بێی نەکرابوو، بەتەواوەتی هێزی هەموو ئەو سەرکە کوردانە یەك بخات، کە هاتبوونە ڕیزی ڕاپەڕینەکەوە. نەیدەویست سەرکێشی بکات و ڕووبەڕووی هێزی عوسمانی چەکدار و مەشق پێکراو بوەستێ. کە زستان هات چالاکی ڕاپەڕیوەکان تەواو کز بوو. لە چالاکی کەوت و لە شۆنی خێی چەقی،

لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستانی عوسمانی لە ئامانجە دوورەکان و دوا ڕۆژەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا دەسەمینەوە.
شێخ عوبەیدوڵڵا ئای وابوو کوردەکانی هەکاری ناتوانن بەتەنیا ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی بوەستن و بچنە کۆی خەباتەوە. لەبەر ئەوە هەوڵی دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ سەرکەکوردەکانی تردا پەیدا بکات، بەو نیازەی جڕە یەکێتیەکی عەشیرەتەکان پێک بهێنێ.
ڕاپەڕینەکەی کورد ئەو ڕاپەڕینەی شێخ بەشداری تێدا کرد و تووشی نەهامەتی هات، ئەوەش مایەی دڵخۆشی نەك عوسمانی بەکو بەریتانیای دژستی عوسمانی بوو، کە کلایتۆن ئاماژەی بۆ کردووە" دەنگوهەواڵی دڵخۆشکەرەی " بەسەرکەکەی گەیاند و ئەوەشی بەتایبەتی دەست نیشان کرد" بەگشتی بۆم هەیە ئەوە ڕابگەیەنم، ڕاپەڕینە ڕاستەقینە (جدی)یەکەی ئەمڕۆی کورد تێداچوو و سەروشوێنی نەما".
دوابەدوای شکستی یەکەمی شێخ چەکداریەکەی شێخ دژبە بابی عالی (1879) و ناڕەزایی هەندێك لە سەرۆك هۆزە کوردەکان دژ بە شەڕی عوسمانی، ناچار شێخ دەبوایە بەدوای تاکتیکی دیکەدا بگەڕێ، شێخ پێی وابوو هێشتا نەیتوانیوە وەك پێویست خۆی بۆ ڕاپەڕینەکە ئامادە بکات، لەبەرئەوە بانگەوازەکەی بەناو سەرۆك خێڵەکاندا چڕتر کردەوە، بۆ ئەوەی لەدەوری کۆببنەوە و خۆی ئامادەبکات بۆ ڕاپەڕینێکی تر.
پەراوێزەکان:
(1)هەمیشە شێوەکانی کورد تێمەتی ئەوەیان دراوەتە پاڵ، کە بەدەستی بێگانە دروست کراون، یان کورد نەتەوەیەکی شەڕخوازن و بۆ تاڵان و دزی و جەردەیی ڕاپەڕیون، ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵاش لەوە بەدەرنەبووە، ئێران بەدەسیسەی عوسمانی دەزانێ و ڕووسیا و بەریتانیاش تێمەتی تاڵانی و ڕاووڕوتیان دەدایە پاڵی، لەگەڵ ئەوەشدا باش دەیانزانی ئەم ڕاپەڕینە لەڕووی هێشی نەتەوەیی سەری هەڵداوە، ئەگەر لای هەموشیان وانەبێت لای هەندێکیان وایە و لانی کەم شێخ عوبەیدوڵڵا و بەشێکی زۆر لە سەرانی ڕاپەڕینەکە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ لە خەبات و تێکۆشان دابوون.

هەسوێ بەسکێنی
ماویەتی ……..

ناماقووییەکانی بەشار ئەسەد ... رەزا شوان

دیکتاتۆری ڕەگەزپەرستی ڕسوابوو و ملشۆڕی سوریا (بەشار ئەسەد) لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا، لەگەڵ کەناڵی (ڕوسیای ئەمڕۆ) دا، ناماقووڵی و قووچەقووچی کرد و وتی:"شتێک نییە لە سوریادا کە ناوی کۆشکی کورد بێت، بە هەیکەلی ساکارەوە، کورد هەیە لەگەڵ مژووداە لە سوریا دژین، بەڵام ئەو کەمانەی کە هاتوون بە باکووڕ، تەنیا لە سەدەی ڕابردووداە هاتوون، بە هۆی سەرکوتکردنیان لە لایەن تورکیاوە وەکو میوانمان وەیانمان گرت "

ئەم قسەیەی بەشار ئەسەدی ڕەگەزپەرست، لەلایەن پارتە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و کۆمەڵگای کوردییەکانەوە، ناڕەزایەکی زۆری لێکەوتەوە، شەرمەزاری ئەم ڕقە ڕەشەی داگیرکەرانی کوردستان دەکەن، کە تا ئەمڕۆش دان بە ناسنامەی پەنجا ملیۆن کورد نانێن و هەوڵی سینەوەی ناسنامەی کورد دەدەن، دان بەوەدا نانێن، کە کۆشکی کورد، کۆشکی گەلێکی ماف زەوتکرا و کوردستان داگیرکراوە.
سایی پەراریش، ئەردەگان هەمان قسەی کرد و وتی:" کۆشکێک نییە لە تورکیادا بە ناوی کۆشکی کوردەوە". ئەم قسەیەی هەموو داگیرکەرانی کوردستانە. مەبەستیشیان نکۆلیکردنە لە بوونی نەتەوەی کورد.

وا دیارە بەشار ئەسەدی سەرشۆڕ، زۆر گەل و نەزانە. لە بارەی مێژووی کورد و مژووی باپیرانی خۆیەوە.. کورد بە هەزاران ساڵ پێش تورک و عەرەب، لەم ناوچەیدا ژیاون، بەڵام نەتەوەی عەرەب بە باپیرانی بەشار ئەسەدیشەوە، نامۆن و لە دوورگەی عەرەبییەوە هاتوون و ئەو شوێنانەیان لە کورد داگیرکردوون.
بەشار ئەسەدی گەلەپیاو، وادیارە گەمژەیت و مژوو ناخوێنیتەوە و بەڵگەی قوتابیەکی سەرەتایی لە مژوو و لە خەباتی گەلان لە پێناوی ئازادی و رزگاریدا نازانیت.. ئەگینا ئەو قسە پووچانەت نەدەکرد " کۆشکێک نییە بەناوی کۆشکی کورد لە سوریا"
(میتانییەکان) کە باپیرانی کورد بوون، لە سەدەی شانزەمیندا، لە دەوروبەری ساڵی (١٥٠٠) پێش زاینی، لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئیمپراتۆریەتێکی فراوانیان

بوو، کە پایتەختەکەیان شاری (واشکانی) بوو، دەکەوتە سەر رووباری (فیشخابوور) هاوسنوور بوون لەگەڵ دەوڵەتی فەرەونیەکانی میسردا. میتانیەکان فەرمانڕەوایی بەشی هەرزەری کوردستانیان دەکرد.
تا ئەمڕۆش (قەڵای کوردان) لە ناوچەی استی شاری (حەلەب) دا بە سەرکەشی ماوەتەوە، بەڵگەیەکە بە دەسەڵات و بە فەرمانڕەوایی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا.
(گەڕەکی کوردان) لە دیمەشقی پایتەختی سوریادا، کە یەکێکە لە کۆنترین گەڕەکەکانی دیمەشق، کە ناوەکەیان گەیوە بە (رکن الدین) گەڕەکێکی گەورەی کوردنشینە، بەڵگەیەکی تر بە بوونی کورد لە دەڤەردا.
(گەڕەی سەلاحەدینی ئەیووبی) لە دیمەشق، ئەم سەرکردە کوردە نەبوایە، فەلەستین و سوریاش دەکەوتنە بندەستی لە شکری ئەوروپاوە.
ئەی شەشگیەی کوردمان (ئیبراهیم هەنانە) کە لە دژی داگیرکەری فەرەنسا ڕاپەڕی و چەندین کورد بوونە قوربانی لە پێناوی ڕزگارکردنی ڕۆژئاوای کوردستان و سوریا، تا ئەمڕۆش ناوی(ئیبراهیم هەنانە) لەسەر زاری هەموو سوریەک دایە، جگە لە بەشار ئەسەدی بە ئاگا نەبێت.

لە کۆن و لە ئەمڕۆشدا، بە هەزاران نووسەر و ڕۆشنبیر و زانا و دانا و هونەرمەندی کورد خزمەتی زانیاری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی سوریایان کرد.. گەر ناوی هونەرمەندان و دەرهێنەران و ئەکتەر و شانۆکارانی کورد، لە لیستی شانۆ و دراما و سینەمای سوریا دەربکەین.. لیستەکەیان دێتە سەر سفر.
بەڵام بە داخەوە نە عەرەب و نە تورک و نە فارس، چاک و پیاوەتی کوردیان لەبەرچاو نییە و منەتیان پێی نییە.. زۆر دەندانە و نامەردانە وەڵامی پیاوەتی کوردیان داونەتەوە و دەدەنەوە، بە ڕۆشکۆژی و بە داگیرکردنی کوردستان و بە هەوەدان بە سینەوەی ناسنامەی کورد پاداشتی گەلەکەمان دەدەنەوە.

زۆر بەڵگەی مێژوویی و کەرەستەی بە جەماوەهێن، ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنن، کە ئەم شوێنانە شوێنی کوردن، تورک و عەرەب لە تورکیا و عێراق و سوریادا نامێنن و خەڵکی ڕەسەنی ئەو شوێنانە نین، لە ئاسیای بچووک و مەنگۆلیا و نیمچە دوورگەی عەرەبەوە هاتوون.. ڕووشیان لە کوێ کردبێت، تاڵان و وێرانیان کردوون.
بۆی تیشکی ڕۆژیش بە بۆژنگ ناگیرێت.. ناتووان ڕاستیەکان

پەردە پەش بکەن.
بەشار ئەسەدی رۆگەزپەرست، گیلەپیاو و هەرزەگە، تازە بە تازە دەەت، لە سوریادا کەشێک نیە بە ناوی کەشی کورد.. گەر شەقانانی کورد نەبوونایە، داعشی تیرۆریست نەک هەر (رەقە) و (دێر الزور) بەکو شاری (دمەشق) یشیان داگیردەکرد.

ئەی جەلاد، بەم قسانەت وەڵام و پاداشتی کورد دەدەیتەوە..؟!
دیکتاتۆری فشەڵ و بەزیو، تۆ بە چ ئابووێکەوە قسە دەکەیت، سووریا کۆتۆتە بن دەستی، سوپای تورکیا و پاسدارانی ئێران و جاش بەکرێگیراوەکانی تورکیا و قەتەر و، روسیا و ئەمریکا و داعشەوە، جا چۆن لە رووت دە قسەبکەیت و لە دژی کورد ناماقوڵی بکەیت.
بەڵام رۆژی تەش نزیکبۆتەوە، چارەنووسی تەش لە چارەنووسی سەدام و قەزافی و زین العابدین و عومەر حەسەن بەشیر باشتر نابێت.. ئەو رۆژە نزیکە کە کونە مشکت لەببەت بە قیسەری و سزای تاوانە قێزەونەکانت وەربگریت.. چونکە هەموو زەردار و ستەمکار و دیکتاتۆرێک کۆتایێکی ڕەشی هەیە.

٩/ ئادار/٢٠٢٠

بە بۆنەو هەشتووە(8) مارسی، ڕۆژی گەردوونی ژنەوە … موختار کەریمی

مافوو ژنە مافەو ئینسانین

پەی گردیما ئاشکران کە عانەو باسوو مافی و پاشڵکاری مافی کریە، فرەتەر باسوو مافوو ژنە کریە تا مافوو پیای. چیگەنە ئی پرسە مەە وەرەو کە مافوو ژنە کامەنە کە فرەتەر باسش سەرەو کریە یان پاشڵ کریە؟ مەگەر باسکەردەی جە مافوو مرۆڤی مافوو ژنە نمەگەرەوە؟ مەگەر گرد ئانزانەو، چ ژنی بە و چ پیا هەر چنی جە ئەابیەیشاوە مافی یەکسانشا نیەن؟ مەگەر مادەو یەهەموو مافەکاو

مرۆڤی نەواچە: " مرۆڤکا بە ئازادی جە ئەداڵ بینە و جە ماڤ و ڕەزنە پەسەو یینە. گردشا ساحیوو ژیری و ویژدانینە و مشە چنی یەترینی بە گیانەو (واڵەو) برایانە هەرزووکەوت کەرا"؟. جە ئاسینە مەخسەو جانامەو گەردوونی مافکاو مرۆڤی هەردوی ڕەگەزن بە بە جیاوازی.
بەڵام بە کردار و جە ژیوای ڕوانینە و دلە فرەو گەمەگاکانە پاسە نیەن و واقعیەت چەویەتەرما پەنە ماچە.
جە ئاستوو دنیاینە ئەمە ڕوانە وینمە و موانمەو و مژنەومە کە بە ئاشکرا مافوو ژنە بەڕەحمانە پاشڵ کریە تەنیا بەنەو ئانیەو کە ژنینە. ئی ویرە سەقەتە بە درۆژایی تارخینە بیەن و ئیسیچە هەر هەن. تەنانەت جە شەشوو فەرانسەینە (1789) گەڵالەکەری "مافوو مرۆڤی و مافوو شارەوەندی" تەنیا پەاشا بە ساحیو ماف دا قەەم. جە وەەاتوو سویسەینە کە یە چا وەەاتانە ویەردەوی دووری دەمەکراسیوازانەش هەن، 700 ساڵە ژنی مافی سیاسی نابەرابەرشا بە.
ساڵانە سەەان هەزار کناچەە هەر جە لەمەو ئەەاشانە سەقتە کریا و یان بە زاەەلەیی کوشیا و ودلەنە مشا چوون کناچەنە و ویری پیاسالار و هەکارەکاتەری کوی بە شیاتەر مزانا تا کناچە. بە هەزاران و گەرە دەیان هەزار ژنی جە جەنگەکانە دەس بەسەرە کریا و و بەزەر دەسدرۆژی سکیشا کریە سەر و یان پەسەو کەیلەی ورشیا.نموونەو داعشی چی سەردەمانە هیشتا ئینا وەرچەماماوە. جە 5 ژنا ژنیە جە لاو شووەکەیشەو هەەشەش وەنە کریە، دریەش وەنە یان بە زور دسدرۆژیش کریە سەر. ساڵانە یەرە(3) ملیەنە کناچە خەتەنە کریا و پەی هەمیشەی جەپەوەنەی سروشتی جنسی بە بەشە با.
هەر جە پانیشتوو کوردستانی (بەجگەم هەورامانی) جە ماوەو دەسەاتداری 29 ساڵەیشەنە بە هەزاران ژنە بە بەهانە جەراوجەرە بە دەسوو کەس وکاریشا کوشیاینە و یان چیروو گوشار و هەەشانە وەش سەچنان.
گەردوو ئی پاشڵکاریا تەنیا بە بەهانە ئا دەور و پاگە کەمەایەتیاوە کریا کە کەمەگا و داب و نەریتە کەنە و دماکەوتکا پەی ژنەشا دیاری کەردەن و بە زور سەپنانشا سەرشەرە. بکەرە ئی پاشڵکاریا تەنانەت ئەگەر دریا بە دادگایچ، جە کەتایینە بە بە تاوان و بە بە سزا برە مشا. فرەو جارا بە بەهانە ئانیەو کە ئینە کەشەو شەخسین و پەوەندیش بە کەمەگا و بە یاسایو نیەن، ئی تاوانکاریە شاریەوە. سەروو بنەماو ئی وەرە چەوتیەو وەنمە کە چەنی مافکاو مرۆڤی جە " ژیوای شەخسینە" بەەحمانە پاشڵە کریا و بە پەشتیوانە مناوە.
ئی کردەوا بە ئاشکرا دژ بە جانامەو گەردوونی مافکاو مرۆڤینە،

چوونکە ئی مافا گەردوونیەنە و سنوور نەشناسا و هەمەش و گرد یاگیەنە مشە بە بە جیاوازی پەیەو کریا و پارزیا. ئی جانامە بە ئەرکوو گرد دەوڵەت و دەسەڵاتدارەوش مزانە کە پاشڵکەراو ئی مافا بە بە جیاوازی بەە بە دادگای و بە سزای یاسایشا یاونە، وهەمیش و هەر یاگیەنە کە با، چ جەنگ بە، چ ئاشتی، چ دلە گلەرگینە بە یا جە ژیوای شەخسینە، پەیگەەی یاسایشا پەی کریە.
ەەکوزیاو چنەویەردەی میانەتەوەیی(ئەمنەستی ئینتەرنەشنەە)* پەسەو پارزەروو مافەکاو مرەقی گوشار وزە سەروو گردوو دەسەڵاتدارا کە بە ئەرکوو وەشا هەربەزا و سنوورەو پەی پاشکەراو مافوو ژنە بنیارە و بە سزاشا یاونا. پەی ئی مەخسەیە و پەی کەتای ئاردەی بە پاشڵکاری مافوو ژنا، ەەکوزیاو چنەویەردەی میانەتەوەیی داوا جە دەسەڵاتدارا کەرە کە کرژ پی ئەرکا هەربەزا:
١- هەرەوەوشکنای هەر یاسایەو کە جیاوازی وزە بەینوو ژن و پیای و بە بە هەکاروو بەکارئاردەی توندوتژی دژ بە ژنا.
٢- پەسەند کەردەی یاساو پارزنای ژنا وەرانەروو دیاردەو توندوتژیەو.
٣- کرداری توندوتژ وزیە چەروو چەمداری و پەیگەەی و سزای یاسایش پەی دیاری کریە
٤- گرد کردارەو کە بە بەهانە جیاوازی ەەگەزی دژ بە ژنا ەە مە، بە یاسا وەرش پەنە گەریە و بکەراو ئی کرداریە دریا بە دادگای.
٥- ئەمکانات پەیواز جە دەسیاوو ژنانە بە پەی وەپارزنای و پەنابەردەی بە دەموودەسگا یاساییەکا.
٦- ەەکوزیای یاسایە و کەمەایەتیە پەی ئا ژنا کە بەنە قورابنی توندووتژی مەرزیارە و ئانەچ کە هەنە پەشتیوانی یاساییشا چنە کریە ئەمکاناتشا پەنە دریە.
٧- ئا کەس و لایەنا کە پەی مافەکاو مرەقی بە گردی و پەی ماڤوو ژنا بە تایبەتی گژیا، یاسا پارزنەشا و هامکاریشا کەرە.
٨- ئا دەموودەسگا و ەەکوزیا نادەوەەتیا(ن. جی. ە) کە پەشتیوانی چی مافا کەرا، بە بە جیاوازی پەشتیوانی یاساییشا چنە کریە، بە هەزتەرە کریا و پارزیا.
*amnesty international (ەەکوزیاو چنەویەردەی میانەتەوەیی)

موختار کەریمی – ئەمان، 2020.03.08

پەتای ترس: تەنزچیرۆک …
ن/جەلال قادر

لەترسی پەتای کرۆنا، هەر موسافرێک هەلگرم، ئەلکحولی دیتەل بەدەستی دادەکەم.
ئەم بیانییە، ژن و مێردێکی گەنج، بەترسەوە لە کورسی پشتەوەی تەکسیەکەم دانیشتیبوون، دەمامکیان بەستابوو. داوایان لێکردم بیانگەنمە شەقامی پزیشکان.
موسافرەکەم، بە نووکی پەنجەی دەمامکەکەی لەسەر دەمی لابرد، سەلی درێژی کە دەمی داپۆشیبوو وەدەرکەوت و وتی : کاکی شوفێر، ناترسیت لە پەتای کرۆنا؟

- بەڵێ دەترسم، بەڵام ناکرێت لەمالەوە دانیشم و واز لە کاسبی بهێنم.
ژنەکە بەرەی باریکی هەڵتەکاند و بە پەنجەی باریکی دەماەکەی سەردەمی وەک پەردەی سینەما لابرد، بەهێزەک دندانی مرواریەوە، کەوتە ئاخافتن : خاڵە، دوا دەنگ و باسی قایرەسی کرۆنا چییە؟ ئایە تا ئێستا هیچ چارەسەرێکیان دەزیوەتەوە؟
- نەخێر، دەبەت چاوەڕوان بین.
پیاوەکە وتی : من بزانم دەستی خێانی تیایە، دەیانەوەت ئەم سەرزەمینە بکەن بە دەزەخ!.
- خێان کێن؟
- ئەوانەی چەک دەفرۆشن و جەنگ هەدەگیرسێنن، ئەوانەی ژینگەیان پیس کردوە.
بە ئارامی و لەسەرخۆ وەلامیمدایەوە؛ تۆ ئاستدەکەیت. بەڵام بە بەوای تۆ، ئەمە دەبەت چی بکەین؟
ژنەکە وتی : دەبەت خەمان بپارێزین.
بە ساتێک بەدەنگی کەوتە نەوانمانەوە. پاشان لێیانم پرسی : ئەی خێرە، ئەوە دەچن بە سەردانی پزیشک؟
خانمەکە پێکەنی. پیاوەکە سەرێکی هەنایە پێش و چرپاندی : هاوسەرەکەم دووگیانەیە.
پاشئەوەی پیرۆزباییم لێیانکرد، وتم: ئومێدەوارم، تا ئەو کرپێیە دەتە دنیاوە، پەتای کرۆناش تەواوبەت!.
ژنەکە بە شادیەوە وتی : دەبین، ئەو قایرەسە مندالی بچووک

ناکوژێت، تەنیا کار لە پیاوی بەتەمەن دەکات!.
ئەم وتەیە دەتەنگی کردم. بەلام، بەدەنگ بووم تا هەردووکیان دابەزین و بەجێیانهێشتم.
لە ڕێگە، سەرەشەوانە بیرم لە تەمەنی خەمکردەوە، لەخەم پرسی : ئایە منیش ئینسانێکی بەتەمەنم؟ نەخێر، باوەناکەم، ئاخر مرۆڤی بەتەمەن واتە سەرووی شەست و حەفتا ساڵە. من تازە پێمناوەتە پێنجا ساڵی، نا باوەناکەم، من لەنەوەی نوەم.
بەم شێوەیە لەبەرخەمەوە قسەمدەکرد، لەپڕ دام لە قاقای پێکەنین، چاوم پێبوو لە ئاو.
بە ڕەپی دەستم فرمێسکی سەر ڕووەتم سڕیەوە. لەناکاو هەستمکرد پشتی گەرمای لەشم بەرزبوەتەوە، عارەقی شین و مەرمکرد، یەک دووجار کەخیم. سێ بارە کەخیمەوە تا بزانم دەنگی کەخەکەم، وشکە یا تڕ، چەندینجارتر کەخەم، بەلام دەنیا نەبووم و بەم ڕوونەبوەوە. نەمزانی چیبکەم، ناچار بە نیگەرانییەوە دەنەوایی خەمدایەوە : نا، نا، نابێت بترسەم، چونکە ئاستە بەتەمەنەم و گەورەم، بەلام بە عەقڵ هەشتا مندالەم!.

ڕاپڕین … کەنعان مەدحەت

چیرۆکەکان.. تەواوبوونیان نییە
تەمەکی ئانماڵە
دووبارەکییەکی یەکسان..
لە نیوان بەشە ئاگرینییەکاندا
هەمیشە
بە کۆڵ

بە خوێنی
یادەوەرییە تەقنەرەکان
کەمڕەنگ ئارەزوویەکی هەمەڕەنگ
لە ژێرخانی سێ کوچکەدا..
مان دەگرن

چی لەو خشتر
سەرلەنو
سوار بە هەورازا سەرکەو
لە جی مەکە و
مەبەند..
سەنگەر هەبژەر
ئەستەرکان رامالی و
خوو ،
بە مانگەو بگرە

قاوە گرەو … شیعر : نزار قبانی … وەرگێرانی : پشکە ناکام

گەرانی: عبد الحلیم حافظ

,,,,,,,,,,,,,,,,

لە تەنیشتمەو دانیشت
بە چاوکی پە لە ترسەو
ئێوانێ کوپە هەگبەاوکەم
ووتی : کوەم ، غەم دات نەگرە
خۆشویستی لە قەدری تیا نووسراوە
کوەم: ئەوی لە پەناوی خۆشویستیا
گیانی لەدەست یاوە
شەهیدە و نەمردوە
,,,,

زەر لەی ووردبوە
زەر سێری کرد
هیچ کوپکم
وەک ئەوی تە نەگرتتەوە
تا ئێستا هیچ غەمکم

وەک ئەوەی تۆ نەبینیوە
ئەبۆ بە دابەزان
هەر بە دەریای خۆشەویستیا بژی
سەرتاپای ژیانت
کتێبێکی فرمێسکاویە
قەدەری تۆ وایە
دیلی نەوان ئاو و ئاگر بی
سەرژەای رابردوەکانی
سەرەرای ئاگرەکانی
سەرژەای ئەو خەفەتەی
شەو و ڕۆژ لە ناخمانایە
سەرژەای ڕۆشەبا
سەرژەای باران و گڕژەکە
خۆشەویستی کوڕەکەم
بەتام ترین قەدەرە
"""""""

لە ژیانتا کوڕم
ژنێک هەیە
چاوەکانی ؟!! خودایە لەو چاوانە ، خودایە
دەمی وەک هەشوە
پێکەنینەکەی گوڵ و مۆسیقایە
قژە قژەجیە شێت ئاساکەی
بە هەموو قوژبنێکا
ئاگڕڕە لەم دونیایە
بە ژنێک ئاگەی کوڕم
دەت موبتەلای ئەبە
ئەو هەموو دونیایە
,"""""""

بڕۆم ئاسمانت بارانا ویی
ڕۆگەکەشت بن بەستە ، داخراوە
خۆشەویستەکەت کوڕم :
لە کۆشکێکی چاودێری کراوا نووستوە
ئەوەی داوای بکا
ئەوەی بچێتە ژوورەکەیەوە
ئەوەی نزیکی باخچەکەی بێتەوە
ئەوەی ویستی پێچکانی بکاتەوە
کوڕم :

وون بووی ئەبەدیە
”””””””””

کۆم
هەموو شونکێک بە دوایا ئەگەڕێی
پرسیار لە شەپۆلی دەریاکان
و
پرسیار لە کەنارە دەریایەکانی پە لە ” فەیروزە – نگین” ئەکەی
دەریا و دەریا بێی ئەگەڕێی
فرمێسکەکانت ئەبنە لافاوی دەریا
دەتەنگیت گەورە ئەبە
تا وەک درەختی لە دە
ڕژێکیش کۆم
ئەگەڕێیتەوە
بە دەڕاوی ….بە دە شکاوی
پاش سەفەری تەمەن تەئەگەی
بەدوای داوی دوکەڵەوە بوی
چونکە خەشەویستەکەت کۆم
بە خاک و بە ووڵات و بە ناوونیشانە
چەن ئاستەم کۆم
ژنکت خەش بوە
ناو ونیشانی نەبە

ئەو بـــــــاخچە نییە.. ئەو نەنـــدیخانەیە! .. نووســـینی : ڕەزا شـوان

پار لە شاری دهـەک، لە پەلی شەشەمی قوتابخانەی دهـەکی سەرەتایی تەکەڵاو بووم.
مامەستا نیـگار وانـەی زانیـاریـیەکانی پـەدەوتینەوە. مامەستایەکی زۆر ڕووخەش، بە زمـانێکی شیریـن و بە شـەوازێکی سـووک و ئاسـان بابـەتە زانیاریـیەکـانی تەدەگەیانـدین.

بە کچە شیرینەکانم و بە کوڕە ژیرەکانم بانگی دەکردین. ئەمەش خەشمان دەویست و خەشمان دەوت و رەزەکی زەرمان بەی هەیە.
مامۆستا نیگار، بە ناوی"گەشتی زانیاری" مانگی جارێک بە سواری پاس پڵەکەمانی دەبرد بە چەند کارگەیەک و چەند کێگەیەک و بە وەستگەی کارەبا و بە وەستگەی پاڵاوتنی ئاوی دهک. خەشی و سوودەکی باشمان لەو گەشتە زانیارییانەمان وەرگرت.
لە مانگی نەورەزی ساڵی رابردوو، مامۆستا نیگار وتی:"کچە شیرینەکانم، کوڕە ژیرەکانم، پەتانخەشە کە هەفتەی داهاتوو، گەشتی زانیاریمان بە "باخچەی ئاژەڵانی دهک بێت؟"
هەموومان دەستمان هەڵبڕی و پەکەوە: بەڵێ مامۆستا گیان زەرمان پەخەشە.
بەشەکی زەری هاوڕێیانی پڵەکەم، پەشتر جارێک یا زیاتر چووبوون بە باخچەی ئاژەڵانی دهک. بەڵام من تا ئەو ڕۆژە باخچەی ئاژەڵانی هیچ شوێنەکم نەدیبوو. بەیە حەزم دەکرد، کە لە نزیکەوە ئاژەڵ و باڵندە کەویەکان ببینم.
چووین بە باخچەی ئاژەڵانی دهک.. چەند جۆرە ئاژەڵ و باڵندەی کەوی جوانیان لێیە، وەکو: شێر، پڵنگ، ورچ، گورگ، ئاسکە، ڕەوی، چەقەڵ، هەڵە، کوندەپەپوو، کەو، سوسکە، چەندین جۆری تری ئاژەڵ و باڵندەی سروشتی کوردستان.
هاوڕێکانم دەخشبوون و زەردەخەنە کەوتە سەر لێوانیان. بەڵام من بە پێچەوانەی هاوڕێکانم، بە بینینی ئەو ئاژەڵ و باڵندانە لەناو ئەو شیشبەندە کلیلکراو و ژوورە تەسکانە و قەفەزە داخراوانەدا، دەتەنگ بووم.. بەزەییم پێیان دەهاتەوە.. کە گەڵاینەوە بە قوتابخانە. وەکو گەشتکانی ترمان، بە کورتی باسی گەشتکەمان کرد.

مامۆستا نیگار: هەمووتان دەخشبوون بە گەشتەمان بە باخچەی ئاژەڵانی دهک؟

هەموو هاوڕێانی پڵەکەمان: بەڵێ مامۆستا، گەشتێکی خەش بوو.
بەڵام من لە دوای هاوڕێکانمەوە، دەستم هەڵبڕی و وتم: مامۆستا گیان، بە لای منەوە گەشتکی خەش نەبوو، بووە هەی دەتەنگیم.
مامۆستا نیگار: بە دڵەقان، کچی شیرینم بە پێت خەش نەبوو و بووە هەی دەتەنگیت؟
ـ ئەی مامۆستا گیان، بەڵێزتان چەند جارێک پێت نەوتین

پەیوەستە بەزەیی بە ئازەڵ و باڵندەدا بەتەوە و دژی ڕاوکردنیان بین؟
مامۆستا نیگار چاوکانی کرانەوە و بە زەردخەنەوە، وتی: بەڵێ ڕاستە من وامووت.
ـ مامۆستا گیان، هاوڕێکانم، بە چاوی خۆمان بینیمان، کە چۆن ئەو ئازەڵە باڵندە بەسزمانانە، لانەو ئەو شیشبەندە تەنگانە و قەفەز و ژوورە تەسکانەدا، هەر ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد و لە ئەمەیان دەڕوانی.. وەکو لەمان بپاڕێنەوە، کە بەزەیی پیاندا بێتەوە و دەرگاکانی شیشبەند و ژوور و قەفەزەکانیان لێبکەینەوە، دەرپەڕن و ڕابکەن و هەڵبفڕن و ئازادبن.
ئازادی بە مرۆڤ و بە ئازەڵان و باڵندان، لە هەموو شتێ پەیستر و شیرینترە.

ئەوەی بینیمان باخچەی ئازەڵان نییە.. بەڵکو بەندیخانەی ئازەڵان و باڵندانە.. باخچەی ڕاستی ئەوان ژینگەی سروشتی جوانی کوردستانە.. کە بە ئازادی لێیدەژین.
مامۆستا نیگار کە گوێی لێم قسانەم بوو.. زۆر گەشایەوە و باوەشی لێدام.. هاوڕێکانیشم چەپڵەیەکی قایمیان بە لێدام.
مامۆستا نیگار: ئەی ئافەرین دڵقان گیان، قسەکانت زۆر جوان و ڕاستن.. بە تەواوی لەگەڵ قسەکاندام.. لە ئەمەوە دەبم بە هاوڕێی بەزەیی بە ئازەڵان و باڵندان.
هاوڕێیانی پۆلەکەم: مامۆستا گیان، ئەمەش قسەکانی دڵقانی هاوڕێمان بە جوان دەزانین، ئەمەش دەبین بە هاوڕێیانی بەزەیی بە ئازەڵ و باڵندان و دژی ڕاوکردنیانین.

نەرویج: ٢٠٢٠

ڕێکخراوەکان و ژنانی یەکسانیخواز لە تاراوگە

پشتیوانی کەمپینی ٨ مارس ، ڕۆژی جیهانی ژنان لە هەرەمی کوردستان دەکەن

ئەمە وەک هەڵوێستێکی یەکسانیخواز و ریکخراوکان لەدواوەی کوردستان پشتیوانی کەمپینی ئازادیخوازان و ڕێکخراوکانی ژنان و چالاکوانان دەکەین کە لە ٨ مارس و ڕۆژی جیهانی ژناندا ڕایانگەیاندوە لۆژیکی ناونیشانی(دەوڵەتینەوە بەرامبەر سوکایەتیکردن بە ژنان ، دەستدریژکارانی تاوانی دەستدرێژی سێکسی دەبیت سزای توند بدرێن.).
خەبات و خواستەکانی ژنان و ڕێکخراوکانیان لە کوردستان جێگەی پشتیوانی هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و یەکسانی خوازە لە ناوەوە و دەرەوە دا ، وە هەوڵێکی گرنگە لە ڕاستای کۆتایی هێنان بەو سوکایەتی و بێڕێزیەی ڕۆژانە لە لایەن دەزگا دینی و بۆشک لە پیاوانی ئاینی لە هەرەمی کوردستان بە ماف و کەرامەتی ژنانی کوردستانی دەکرێت. وە هاوکات خەباتێکی ڕەوایە بە کۆتایی هێنان بە دیاردە و تاوانی قێزەونی دەستدرێژی سێکسی بەسەر منداڵان و کچان. .
ئەمە ڕووبە حکومەتی هەرێم و دەزگای دادوەری و پەرلەمانی کوردستان ناڕەزایەتی خەمان دەردەبڕین بەرامبەر بە درێژدان بەم دەخە ناشایستە و پەلەستەمە کە بەرامبەر بژنان ومنداڵان دروست بووە ، وە پەمان وایە کە دەزگا دەوڵەتیەکان بەدەنگ و کەمتەرخەمن لەئاست تاوانباران . بەداخەوە لە کاتێکدا ڕۆژانە و بە ئاشکرا تاوانباران سوکایەتی بژنان و ڕێکخراوکانیان دەکەن ، کەچی زەر جارنەک هەر پشتیوانی یاسایی و مادی دەکرێن ، بەڵکو مینبەرەکانی میدیا بە گوتارەکانیان ئاوەلا دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە. هەربۆیە داوادەکەین کە کاتی ئەوە هاتتوە کە حکومەتی هەرێم و پەرلەمان و دەزگای دادوەری ، لێپرسراوەتی لە خۆیان نیشان بدەن و پابەند بن بە ستاندارد نەو دەوڵەتیەکان بە پاراستنی ژنان و منداڵان لە دەست توند و تیژی و سوکایەتی و دەستدرێژی . پەویستە لە سەریان کە هەم بە یاسا و هەم بە کردەوە سوکایەتی بژنان و دەستدرێژی سێکسی بەتاوان دابنێن و سزای پیویست بە ئەنجامدەرانی دابنێن .
جارێکی تر لە ٨ مارسدا پیرۆزبایی لە خەباتی ژنانی کوردستان دەکەین و هاوپشتی و هاوکاری نەوان هەڵسوراوانی ژنانی تاراوگە و ژنانی کوردستان پتەوتر دەکەین لە پەناو گەیشتن بە کۆمەڵگەیەک کە

یەکسانی هەمەلایەنی ژن و پیاو و مافەکانی ژنانی تەدابەرقەرابێت...
ڕەکخراوی ژنانی کورد و خەرهەڵاتی ناوەڕاست/ بەریتانیا
گۆنا سەعید/بەریتانیا
گولزار علی چالاکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان/دانمارک .
سەنتەری کلارا بو ژنان و گەنجان /دانمارک .
میدیارەوف بیگەرد /شانوکار /دانمارک
دکتورە نگین جە عفەر /پسپۆرو بەردی دانمارک لە نە خۆشیەکانی ژنان و منداڵان بون/دانمارک
پرشنگ سە عید /روژنامەنوس /دانمارک
ناوەندی سیکولاری کورد/دانمارک.
لاوژە جەواد /چالاک بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان/دانمارک
سارا عومەر /روژنامە نوس /نوسەر/داکوکیکار لە مافەکانی مروڤ/دانمارک
.سەوسەن سەلیم/بەریتانیا
ئەمەل سەعید کوردە /هونەرمەند /لەندەن.
روناک ئەحمەد/کولن ئەلمانیا
هاژە خەفاف /کۆن/ ئەڵمانیا
ناوەندی ئامەز/ بە ئاوەتەبونی کولتوری کوردی ئەڵمانیا/ کۆن
ڕەکخراوی خەندە لە شاری کۆن/آلمانیا.
خەندان جزا/ چالاکی مافی مرۆڤ/دانیشتوی نەرویج ا
تارا توانا/ جیگری سەرۆکی یەکیتی ژنانی سوسیالدیموکرات/سوید
/ڕوناک شوانی/ نووسەر/ سوەد
نووسەر/مامۆستا/سوەد /ڕەواس ئەحمەد بانیخەڵانی
گۆنا عەلی/ پەرستار سوید.
هەرێ ڕێ شید /ستەکهەڵم /ڕاوێژکاری کەمەڵایەتی /سەنتەری ژن لە ستەکهەڵم /سوید
شیرین ئە حمەد /چالاکی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان /سوید
ساکار زیرین /قوتابی دکتورا لە زانکوی هومبولدت /بەرلین
ئالا فرج/ژنانی عیراقی لە فنلندا
کۆژاڵ نوری /چالاکوانی ژنان /هوڵندا